گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/hn3yp384
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٤/٠٤/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٧/٠٢
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# سەما و پەیوەندی ڕۆحی لە پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمی ئاینی ئێزدیدا

**هەنگاو أنور محمد[1] - ناصر هاشم بدن[2] - نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو[3]**

nareman.kareem@su.edu.krd - nasserbadan60@gmail.com hangawanwar@gmail.com

[1] بەشی میوزیك، كۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر-هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی میوزیك، كۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەسرا، بەسرا، عێراق.
[3] بەشی کوردی ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

توێژینەوەیەکی مەیدانی وەسفی مێژوویی شیکارییە، باس لە سروتی سەما و ڕێوڕەسمەکانی ئاینی ئێزدی دەکات، ئەم بابەتە بە بەشێکی گرنگ و ژیانی ئەزمونەکانی پەرستن و پەیوەندی ڕۆحی ئێزدیەکان دادەنرێت. سەما بە سروشتی خۆی بەشدارە لە هاندانی ڕۆح و دەرون و یەکخستنی کۆمەڵگەی ئاینی و بەهێزکردنی پەیوەندی گروپی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆیەوە باوەڕداران دەتوانن سنورە دونیاییەکان تێپەڕێنن و دەستیان بە جیهانی ڕۆحانیەت بگات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پیرۆزەکانەوە دروستبکەن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسین و دیاریکردنی ڕۆڵ و ئەرکی سروتی سەما لەلایەنی ئاینی و کلتوری و پێگەی موزیک لە دیاریکردنی شوناسی جۆرەکانی سەمادا. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بابەتی ئەرک و ڕۆڵی سەما و سروتی سەما لە ڕوی کلتوری و ئاینی و پەیوەستبون بە کەلەپور و دابونەریتەکان بە گواستنەوەی بەها و ڕێوڕەسمەکان و گوزارشتکردن لە شوناس و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا بۆ نەوەکانی دوای خۆی لە ڕێگەی هاندانی ڕوحانییەت دەخاتەڕو، کە هەست و سۆزەکان و پتەوکردنی تێڕامان و پاڵپشتیکردنی بە کۆمەڵ، بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ لایەنە خواوەندییەکان و گوزارشت لە ملکەچی و پاڕانەوە و پتەوکردنی پەیوەستی بە کۆمەڵ، ڕۆڵی گرنگ لە ئاینی ئێزدیدا دەگێڕن. لەلایەنی موزیکییەوە هەر سەمایەک میلۆدی و ڕیتمی تایبەت بەخۆی هەیە. موزیک ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دیاریکردنی جۆری سەماکان لەناو کۆمەڵگەی ئاینیدا. ئەمانەش لایەنێکی تری ئاکامەکانی ئەم توێژینەوەیەن.

**کلیلە وشە:** ئاینی ئێزدی، سروت، سەما، هەڵپەڕکێ، قەول

# Religious Dance and Spiritual Connectivity in Yazidi Ritual Practices

**Hangaw Anwer Mohammed [1] - Naser Hashim Beden[2] - Nariman Abdullah Kareem [3]**

[1] Department of Music, College of Fine Arts, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Department of Music, College of Fine Arts, University of Basra, Iraq.

[3]

**Abstract**:

This study is a descriptive, historical, and field-based investigation into the essence of Sema and the religious rituals of the Yazidi faith. It posits that these elements are integral to the experiential life of worship and spiritual connection among the Yazidis. Sema inherently contributes to the stimulation of the spirit and psyche and facilitates the unification of the religious community. It strengthens communal ties, enabling believers to transcend worldly limits, access spiritual realms, and establish direct connections with sacred entities.

The objective of this research is to identify and define the roles and responsibilities associated with the essence of Sema from religious, cultural, and musical perspectives. It examines the place of music in defining the identity of various types of Sema. The outcomes of this study address the functions and roles of Sema and its essence within the cultural and religious framework, linking to traditions and customs. It explores how values and rituals are transmitted, reporting on identity and social action for succeeding generations through the promotion of spirituality, which fosters emotions and solidarity, supports the community, and engages with divine aspects, enhancing the community’s resilience and coherence. Each Sema has its own unique melody and rhythm, with music playing a pivotal role in defining the types of Sema within the religious community. These aspects constitute another dimension of the results of this research.

**Keywords:** Yazidi (Êzidi) religion, Ritual, Sema, Dance, Qewl.

**پێشەکی:**

ئاین لە بنەما قوڵە دەروونییەکانیدا، تاقیکردنەوەیەکی پیرۆزمەندانەیە لەمیانی دۆخێکی بەر لە هەر جۆرە وێناندنێکی ئەقڵانی، بەوەی ئەو ئەزموونە ئاینییە تەنیا تایبەت نییە بە کەسێك و هەندێك کەسیش لێی بێبەش بن، هەروەها تایبەتیش نییە بە گروپێك کەس و هەندێك گروپی دیکەش لێی بێبەرین، بەڵکو بەرگشت کەسێك دەکەوێت، هەروەها پلەی جیاوازی لە ڕوی توندی و ڕوونییەوە هەیە، هەروەها لە

ڕوی قبوڵکردن و ددانپێدانانیشەوە بە پلەی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. کاتێکیش ئەم ئەزمونە ئاینییە ڕاستەوخۆیە دەبێتە دۆخێکی مرۆڤ، ئەوا ڕەفتارکردنێك دەکاتە پێویستی، لەپێناو دوبارە هاوسەنگکردنەوەی ئەو دەرونە، کە ئەزمونەکە دۆخە ئاساییەکەی گۆڕیوە. ئەم ڕەفتارە بە سروت ناودەبەین، سروتیش کۆمەڵێك ڕێکار و جوڵەیە، کە وەك کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەك لە بەرانبەر ئەزمونی ناوەکیی ئاینیدا دێت، ئامانجیشی دروستکردنی پەیوەندی و بەستەرێکە لەگەڵ جیهانە پیرۆزەکاندا. لەوانەیە موزیکی ڕیتمییانە و سەمای ئازاد، یەکەمین شێوەکانی ئەو ڕەفتارە سروتییە خۆکارانە بن، کە وردەوردە دەبنە سروتێکی باش داڕێژراو و چوارچێوەدار، کە بەپێی چەند بنەمایەکی دیاریکراو و کێشراو بەڕێوەدەچێت. لەوانەیە ئەم سیستماتیك بون و بنەمادارییەی سروت و ڕێکخستنی لەنێو چوارچێوە دیاریکراوە چەسپاوەکان، لەگەڵ ڕێکخستنی ئەزمونی ئاینیی تاکەکەسەکان و ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنیان لەمیانی چەند باوەڕێکی ڕونەوە، کە کۆمەڵە کەسانێك باوەڕیان پێی هەیە و تاکەکەسەکانیش گوزارشتی ئەزمونە ئاینییە کەسییەکانی خۆیانی تیادا ببینن، هاوکات و هاوتەریب بن (السواح، ٢٠٠١، ١٢٩).

ئەو باوەڕە ئاینییانەی ئەفسانە تیاییاندا ڕۆڵێکی سەرەکی لە چەسپاندن و پتەوکردنیاندا دەگێڕێت، لە ئەنجامدا بە چەند وێنە و هزرێکی لەمجۆرە ڕون و ڕەوان دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم وێنە و هزرانە ئاینێك ڕێك بە هەمان ڕونی و ڕێکوپێکییەکەی دروستناکەن، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت، کە پاڵ بە کەسەکانەوە دەنێت، ڕەفتار و کردارێك بکەن؛ بەمەش گواستنەوە و ڕاگوزەرییەك لە دۆخی تێڕامانەوە بەرەو دۆخی جوڵە و لەبیرکردنەوە لە جیهانە پیرۆزەکانەوە بەرەو وەرگرتنی چەند هەڵوێستێکی کرداریانە دێتەپێشێ؛ ئینجا لێی نزیك دەبنەوە، یان ڕازیی دەکەن، یانیش هێزەکەی دەخەنە بەر دەستی خۆیان، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریبهێنین و ... هتد. جا ئەگەر باوەڕەکان و ئەفسانەکانی چواردەوری بیانخەنە نێو هەڵوێستێکی ئەندێشەیی و زەینیی بەرانبەر پیرۆزەکانەوە، ئەوا سروت دەیانخاتە نێو هەڵوێستی کرداریی بەرانبەر مەسەلەکە، ئەویش دۆخی کردارێکە و دەتوانێ پەیوەندی و بەستەرێك دروستبکات، چونکە لەمیانی کردنی چەند جوڵەیەکی دیاریکراو و سەمایە ڕیتمییەکان و دوبارەکردنەوەی شێواز و نۆرمە قسەییەکانەوە، ئەوا کاریگەریی تایبەتیان لەسەر دەرونەکاندا هەیە، کە کەسانی قوڵبوەوەی نێو کارکردنی سروتیی بەکۆمەڵ، دەتوانن بچنە چەند ئاستێکی نائاسایی هۆشیارییەوە، لەگەڵیشیدا هەست بە لەنێوچون و سڕانەوەی سنوری نێوان جیهانە دنیاییەکان و جیهانە پیرۆزەکاندا دەکەن (السواح، ٢٠٠١، ١٢٩-١٣٠).

"سروتەکان لەنێو ڕێوڕەسم و ئاهەنگەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەو پێیەی بە ئاوێنەیەک دادەنرێت، کە ڕەنگدانەوەی چەمک و تێڕوانینی تاک و گروپەکانە بەرانبەر بە کۆمەڵگە و سیستەمی گەردون بەگشتی، هەروەها شێوازی مامەڵەکردنی تاکەکان لەگەڵ پیرۆزەکاندا ئاشکرا دەکات، بۆیە ئەم ڕێوڕەسمانانە بەتایبەتی لە بواری ئاینیدا، لە بەرزترین و ڕونترین شێوەی خۆیاندا دەردەکەون، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن، کە لە کۆمەڵگەدا بەپێی کولتوری تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگەیە قبوڵکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سروت وەک نەخشێکی ڕەفتاری دوبارەبوەوە لە بۆنە تایبەتەکاندا پیادەدەکرێت، نوێنەرایەتی ساتێک دەکات، کە هەموان بەشداری تێدا دەکەن و هەست بە هاودەنگی دەکەن، چونکە گوزارشت لە هەڵوێست و بەها و بیروباوەڕە هاوبەشەکان دەکات، کە هەموان بەشداری لە جێگیرکردن و پاراستنی دەکەن. هەروەها بەشداریکردنی سەرکەوتوانە لە گروپەکەدا کاردەکات، بۆ بەدەستهێنانی بەردەوامی ئەو نەخشە ڕەمزییەی سروتەکە داوای دەکات، کە نوێنەرایەتی دەربڕینێکی ڕەمزی هەستەکانی پەیوەست بە دۆخێک دەکات، هەروەها دوپاتکردنەوەی ڕەمزییە بۆ بەها باوەکانی کۆمەڵگەیەک، لەگەڵ پابەندبون بە کردار و قسەی ڕێکوپێک، کە لە ڕوی کولتورییەوە هەموان لەسەری ڕێککەوتون" (جاد الله، ٢٠٠٧، ١٩-٢٠).

لێرەدا ئەوە دەبینرێ، کە "پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمی سروت، چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتییە" (بونت، ٢٠١١، ٢٤٦)، بەو پێیەی "هەروەک دیارە هەر گروپێک شوناسی خۆی لە شوێنێکی ئەوکاروانە نەپساوەیە جێدەهێڵێ، ئەمە ڕێک وەک ژیانەوەی نێو زنجیرەیەکی سروتی هەمەلایەنە بە بەرچاومان تێپەڕدەبێ، بۆیە ئەو ئەزمونە گشتگیرەی سروت و ئەفسانە نوێنەرایەتی و ڕەنگدانەوەی تەواوی ژیانی کۆمەڵگە وەک کۆکراوەیەکی ڕێکخراو دەخاتە بەردەستمان" (بونت، ٢٠١١، ٢٤٧).

کاتێک تێڕامان لە سروتی سەما لە ڕوی بنچینەی میتیۆلۆژی دەکەین، مانای ئەفسانەیی، پێکهاتەی سەماکێشان، ڕیتمی هێواشی جوڵەی سەماکێشەکان، ڕیتمی موزیکی و میلۆدیی و فەزای سەما و ئاوێتەیی ئامادەبوان، بەو ئەنجامە دەگەین، کە سروتی سەما یەکێکە لە سروتە خولییانەی گەورەکان، "ئەمجۆرە سروتە پەیوەندیی بە سروتی ئەفسانەکانی پێکهاتنەوە هەیە، چونکە لێرەدا سروت ئەفسانەیەکە و بوەتە ڕەفتارگەلێک کە ئامانجی گەڕاندنەوەی زەمەنی میتیۆلۆژیی سەرەتاییە، کاتێك خواوەند جیهانی ئافراندوە و نمونە یەکەمەکانی گشت کردەیەکی داهێنەرانەی شارستانی بەدیارکەوتون" (السواح، ٢٠٠١، ١٤٢). سروتی خولییانە بە شێوەیەکی بینراو و بیستراو،

ڕوداوێکی ڕابردو دوبارەدەکاتەوە، کە لە زەمەنە سەرەتاییەکانی میتۆلۆژیاوە ڕویداوە، بەڵام جارێکی دیکە لە چەند ڕۆژێکدا ئامادەیدەکاتەوە، دەیهێنێتە نێو ئێستاوە، لە میانیشیدا ئەو کەسانەی بە بۆنەی جەژنەوە ئاهەنگدەگێڕن، لە کاتە دنیاییەکەی خۆیان دەردەچن و لەنێو کاتە پیرۆزە دور و ڕابردوەکانی سەرەتادا دەژین. جا ئەگەر کاتی دنیایی کاتێکی ئاسۆیی بێت، ئەوا لە ڕابردووەوە لەمیانی هەنوکەوە بەرەو ئایندە دەچێت، چونەکەشی بێ گەڕانەوە بێت، ئەوا کاتە پیرۆزەکە کاتێکی پێچەوانەکانە و دەکرێ بگەڕێندرێتەوە ئێستا و لەمیانی سروتی دەورییەوە تیایدا بژین. واتە جۆرە ئێستایەکی سەرمەدییە، کە مرۆڤ دەتوانێ بچێتە نێوییەوە، ئەمەش لە پێناو گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕوداوانەی لە سەرەتایەکانەوە ڕوویانداوە و پشتبەستن وکۆمەك خواستنیشە لە هێزی بنەمایەکان، بۆ ئەوەی (ئێستا) نوێبکرێتەوە. بەمەش مرۆڤ لە چاودێرکارێکی ڕەوتی بەردەوامی جیهانەوە، دەبێتە بەشداریکارێك لە دروستکردنی ئەو جیهانەدا(السواح، ٢٠٠١، ١٤٣).

سەما لە ڕێوڕەسمی ئاینیدا ڕەگ و ڕیشەی قوڵی لە ڕۆحانیەت و دەربڕینی ئاینیدا هەیە. سەما بە ڕێگایەک دادەنرێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی سەروی سروشتی و پیرۆزەکاندا، بەشێوەیەک لایەنی ڕۆحانی چالاک دەبێت و پەیوەندی لەگەڵ خودایی لە ڕێگەی جوڵەی جەستەیی و بە ئاوێتەبونی لەگەڵ ڕیتمە ئاینییەکان بەدەستدێنێت. هەروەها سەما لە ڕێوڕەسمی ئاینیدا ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی ئینتیما و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئاینیدا. باوەڕداران لە بازنەکانی سەمادا کۆدەبنەوە، بۆ بەشداریکردن لە ئەزمونێکی ڕۆحی هاوبەشدا، ئەو جوڵانە بە هاوئاهەنگی جێبەجێدەکەن، کە پەیوەندی ڕۆحی نێوانیان بەرجەستە دەکات. تایبەتمەندی ئەزمونی ئاینیی لە ڕێگەی سەما، کاریگەری قوڵی ڕۆحی و دەرونی لەسەر بەشداربوان هەیە، یارمەتی هاندانی ڕۆح و نوێکردنەوەی وزەی ڕۆحی دەدات، هەروەها بەشدارە لە گەیشتنی باوەڕداران بە حاڵەتێکی ئارامی ڕۆحی و هاوئاهەنگی لەگەڵ خود و لەگەڵ خوداشدا.

سەما چالاکی و ڕەگەزێکی سەرەکیی سروتە ئاینییەکانی ئێزدییەکانە، چونکە لە گوزارشتی باوەڕداران لە باوەڕەکانیان و پەیوەندییان لەگەڵ لایەنە ڕوحییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. لێرەدا هەڵپەرکێش (شایی)، کە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا بۆ دەربڕینی ساتە خۆشەکان و جەژن و بۆنە نەتەوەیی و ئاهەنگەکاندا ئەنجامدەدرێ، لە کۆمەڵگەی ئاینی ئێزدیدا، جگە لە هاوبەشی ئەم سیفەتە لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی کوردەوارییدا لە ژیانی ڕۆژانەی دونیاییدا، هەڵپەرکێ - شایی لە مۆرکی ئاینی خۆی نەهاتۆتەدەر و هەمیشە ئامادەیی زیندوی خۆی لە جەژن و بۆنە و مەڕاسیمە ئاینییەکاندا پاراستوە. سەما و هەڵپەرکێ - شایی (گۆڤەند و دیلان)[١] وەك ئامرازێکی زیندوی نێو سروتە ئاینییەکان بەدیاردەکەوێ، چونکە کار بۆ پتەوکردنی ڕوحانییەت و قوڵکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ لایەنە خواوەندییەکان دەکات. سەما بە کلیلی کارلێکی ڕوحی و گونجانی بەکۆمەڵی نێو سروتە ئاینییەکان دادەندرێ، بەشێکی دانەبڕاوی ئەزمونی خواپەرستی و تێڕامانیشە.

لە سروتی سەمادا جلوبەرگ بەشێکی سەرەکی کۆی پێکهاتەی ئەم سروتەیە و مانا و دەلالەتی خۆی هەیە، کە هەر یەکێک لە سەماکێشەکان نوێنەرایەتی و وێنای پیاوچاکێکی ئاینی یان پێگەیەکی ئاینی یان ناوچەیەکی جوگرافی دەکەن. لە شایی – هەڵپەرکێشدا (گۆڤەند و دیلان)، جلوبەرگی ئامادەبوان ئەوە بەدیار دەخات، کە کامەیان ڕۆڵی ئاینی هەیە و کامەیان خەڵکی ئاساییە. ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا لە بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکاندا، لە شێوە و شێوازی جلوبەرگی هەڵپەرکێکاراندا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەویش بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و ڕەنگدانەوەی ڕەنگی سروشتی کوردستان لە ڕەنگی جلوبەرگی ئافرەتاندا.

سروتی سەما و گۆڤەند و دیلان لە ئاینی ئێزدیدا، بە بەشێکی گرنگ و ژیانی ئەزمونەکانی پەرستن و پەیوەندی ڕۆحی دادەنرێت. بەکورتی سروتی سەما لە ڕێوڕەسمی ئاینیدا ڕێگەیەکی گرنگە بۆ دەربڕینی ڕۆحانیەت و بەرزکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ خودایی. سەما بەشدارە لە هاندانی ڕۆح و دەرون و یەکخستنی کۆمەڵگەی ئاینی و بەهێزکردنی پەیوەندی گروپی کۆمەڵایەتیی، هەروەها لە ڕێگەی ئەزمونی سروتی سەما، باوەڕداران دەتوانن سنورە دونیاییەکان تێپەڕێنن و دەستیان بە جیهانی ڕۆحانیەت بگات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پیرۆزەکانەوە دروستبکەن.

دیلان هەڵپەرکێیەکی دونیاییە لە جەژنەکاندا، لە پەرستگەی لالش لە بەردەم (سوکا مەعریفەت) ئەنجامدەدرێ، بەشداربوانی کۆی ئامادەبوانی خەڵک دەگرێتەوە و بەهیچ شێوەیەک هیچ پیاو یان ئافرەتێکی ئاینی بەشداری ناکات، بەڵام گۆڤەند لە بەردەم (کانیا سپی) ئەنجامدەدرێ، بەشداربوانی پیاوان و ئافرەتانی ئاینین و بەشێکیش لە خەڵک بەشداری دەکەن، جیاوازییان لە جوڵەدا نییە و هەردوکیان (گۆڤەند و دیلان) هەمان جوڵەی جەستەییە، ئەوەی لە یەکتری جیاوازییان دەکاتەوە، دو لایەنە: یەکەمیان لە دیلاندا ئامێری دوزەلە و دەف (کە لە قەبارە جیاوازە لەگەڵ دەفی ئاینی) دەژەندرێ، بەڵام لە گۆڤەندا دەبێ هەردو ئامێری دەف و شەباب بژەندرێ. دوەمیان هەر یەکەیان لە گۆڤەند و دیلان، میلۆدی و ڕیتمی جیاوازییان هەیە، بەتایبەتی لە گۆڤەندا ئاوازەکان دیاریکراون و تەنیا ئەو ئاوازانە دەژەندرێ،

کە بۆ هەڵپەڕکێی گۆڤەند دیاریکراوە، بەڵام لە دیلاندا ئەو میلۆدییانە زیاتر میلۆدی میللی و فۆلکلۆری کوردی دەژەندرێ و هیچ پەیوەندی بە میلۆدییە ئاینیەکان نییە.

هەروەها لە سروتی سەمادا جوڵەکان هەمان جوڵەیە، تەنانەت لە تێکستە ئاینییەکانیشدا، تێکستی هاوبەش لەنێوان هەندێ سەمادا بەدیدەکرێت، ئەوەی خاڵی جیاوازە لەنێوان سەماکاندا موزیکەکەیە و جۆری میلۆدی و ڕیتم، جۆری سەماکە دیاری دەکات. بە واتایەکی تر موزیک ناسنامە، بە پێناسی سەما و جۆری سەما و مانای سەما دەبەخشێ.

١-١ کێشەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئاینی ئێزدی، کۆمەڵگەیەکی ئاینی داخراوە، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ئەو هەمو فەرمانە کۆمەڵکوژییانەی بەسەریاندا هاتوە، بە دروسکردنی چەندین تۆمەتی ناڕەوا، کە کراوەتە بەهانە بۆ هۆکاری کۆمەڵکوژییەکانیان، بۆ ئەوەی نهێنی و ڕێسا و یاسای ئاینەکەیان نەکەوێتە دەست دوژمن، هەمیشە جەژن و ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینییەکانیان بە نهێنی ئەنجامداوە. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێزدییەکانیش توانییان ئازادی ڕەهای ئاینی خۆیان بەدەستبهێنن و کرانەوەیەکی بەرچاویش لە ڕێگەدان بە تێکەڵبونی کەسانی بێگانە و بەشداریکردنیان لە جەژن و مەڕاسیم و بۆنە ئاینییەکانیان بەدیبکرێ.

سروتی سەما یەکێکە لەو سروتە ئاینییانەی لە سەرچاوەکاندا کەمترین ئاماژەی بۆ کراوە، ئەگەر باسیش کرابێ، بەو قوڵییە زانستییە باسنەکراوە کە هەمو لایەنەکانی پێکهاتە و دەلالەتەکانی لە ڕوی جوڵە، ڕیتم، موزیک و ... هتد لەخۆبگرێت، زۆرجار بەهۆی ناتەواوی لە گەیاندنی زانیارییەکان لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئەم بابەتە کراوە. لێرەدا توێژەر دەپرسێ ڕۆڵ و ئەرکی سروتی سەما لە لایەنی ئاینی وکلتوری چییە؟ ئایا موزیک لە چ ڕوانگەیەکەوە بۆتە شوناسی ناسینی سەماکان؟

٢-١ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسین و دیاریکردنی ڕۆڵ و ئەرکی سروتی سەما لەلایەنی ئاینی وکلتوری و پێگەی موزیک لە دیاریکردنی شوناسی جۆرەکانی سەمادا.

٣-١ سنوری توێژینەوە:

١-٣-١ سنوری کاتیی: پەیوەستە بە ئەنجامدانی سروتی سەما لە جەژن و بۆنە و مەراسیمە جۆراوجۆرەکاندا.

٢-٣-١ سنوری شوێن: پەرستگای لالش لە قەزای شێخان، کە مەڕاسیمی سروتی سەمای تێدا ئەنجامدەدرێ.

٣-٣-١ سنوری بابەتی: دیاریکردنی ڕۆڵ و ئەرکی سەما لەلایەنی کلتوری و ئاینی و پێگەی موزیک لە دیاریکردنی شوناسی جۆرەکانی سەما لە جەژن و بۆنەکانی ئاینی ئێزدی.

٤-١ گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- ئەرک و ڕۆڵی سروتی سەما لە لایەنی ئاینی وکلتوری لەنێو ئاینی ئێزدیدا شیدەکاتەوە، لێکدانەوە دەکات بۆ لایەنەکانی پێکهاتەی سەما لە دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ئەم ڕۆڵگێڕانە.

٢- بەدیارخستنی ئەرک و ڕۆڵی سروتی سەما لەلایەنی کلتوری و جڤاکی لەنێو کۆمەڵگەی ئاینی ئێزدی مانا و دەلالەتەکانی دەخاتەڕو.

٣- دیاریکردنی پێگەی پیرۆزی موزیک وەکو شوناسی جۆری سەماکان لەنێو سروتی سەما.

٤- ئەم توێژینەوەیە بۆ توێژەرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و ئەتنۆموزیکۆلۆژی و موزیک بەگشتی گرنگیی زۆری هەیە، چونکە دەتوانن سودێکی زۆر لە مانا و دەلالەتەکانی ئەم دیاردەیە ببینن، کە لەم توێژینەوەیە ڕوخسارەکانی ناسێندراون و لایەنەکانی پێکهاتەیی خراوەتەڕو.

٥-١ چەمک و زاراوەی سروتی سەما:

سەما سروتێکی ئاینییە، بە یەکێک لەو ڕێوڕەسمە پیرۆزانە دادەنرێت، کە لە پەرستگای لالش لە ئێوارەی جەژن و بۆنەکان دوای بەجێگەیاندنی (بەیتا هێڤارێ) و بە بەشداری (١٤) پیاوی ئاینی سازدەکرێ، کە هەر یەکێکیان ڕەچەڵەکیان بۆ بنەچەی پیاوچاکێکی ئاینی ئێزدییەکان (خاس و بابچاکێن ئێزدیان)[٢] دەگەڕێتەوە. جۆرێکیش لە سەما هەیە، کە تەنیا لەسەر گۆڕی مردو ئەنجامدەدرێ، لەگەڵ جۆرێکی تر کە جوڵەی جەستەیی لەگەڵدا نییە و زیاتر تایبەتە بە ئافرەتان.

لەکۆی هەر حەوت جۆری سەماکان خاڵێکی کۆکراوەی هەمو سەماکان هەیە، کە چەمکی سەما لەڕوی ئاینییەوە ڕون دەکاتەوە و پەیوەستە بە ڕوانگەی بنەمایەکی بیروباوەڕی ئاینی ئێزدییەکان بە (حلول والتناسخ) دوای مردن.

٢. بنەچەی متیۆلۆژی و پاشخانی مێژویی سروتی سەما

شارستانییەتی وڵاتی مێزۆپۆتامیا هەر لە سەرەتای پەیدابونی نەژاد و ڕەچەڵەکەکانەوە، بە هەمەچەشنیی ڕۆشنبیری و میتیۆلۆژی دەناسرێتەوە، سەماش تیایدا ڕەهەندێکی سەرەکیی ئەو هەمەچەشنییە بوە و یارمەتیدەری چەسپاندن و پتەوکردنی پەیوەستبونی و کۆمەڵە و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان بوە، ڕۆڵیشی لە دڵخۆشکردن و گوزارشتکردن لە نمایەکانی شادمانیی نێو بۆنە و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکاندا هەبوە، سەما کەرنەڤاڵییەکانیش وەك سەمای جەنگەکان و سەرکەوتنەکانیش ڕەگەزێکی دیکەی سەما گرنگەکان بوە، دانیشتوانی میزۆپۆتامیا یەکەمین مرۆڤگەلێك بون، کە ئامێرە موزیکییە ڕیتمییە هەمەچەشنەکانیان بۆ ڕێکخستنی ترپە و دەنگی جوڵەی شتەکانی دەوروبەریان بەکارهێناوە، نەغمە و میلۆدییشیان بە دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی زەمینییانەی گونجانی جوڵە ئاڵۆزەکانی گەردون بە گشت هەسارە و ئەستێرە و مانگەکانییەوە داناوە (محمود، ٢٠١٨، ٥).

زۆربەی سەما گوزارشتی لە شارستانییەتە کۆنەکانی میزۆپۆتامیادا دەکرد و شێوەی چەند بازنەیەکی خڕی وەردەگرت و چەند سەمایەکی کۆنی میللیش لەنێو بازنەکەدا دەکران، چونکە هەندێکیان پێیانوابو ئەو شێوە و ئەندازەیە هێزێکی ئەفسوناویی هەیە، لە هەندێك کلتوری کۆنیشدا ئەو باوەڕە باو بو، کە جوڵەی بازنەیی بەختی باش دەهێنێت و خراپە دوردەخاتەوە. بۆیە دەبینین لە گشت جۆرە سەمایە میللییەکانی میزۆپۆتامیا، تەنیا لاسایکردنەوەیەکی هێمایییانەی ئەو جوڵە و بزاوتە یەکەمە بو، کە لە سەرەتای ئافراندنی گەردونەوە ڕویدابو، هەڵپەڕکێ - شایی بە هەمو جۆرەکانییەوە جوڵەیەکی بازنەیی بو، زۆریش پەیوەندیی بەو میتیۆلۆژییە ئاینییانەوە هەبو، کە لەسەر بنەمای خولانەوە بە دەوری شوێنێکی پیرۆزدەکران، بۆ ئەوەی بەرەکەت بخولێننەوە و بەدەستیبهێننەوە، ئەم جوڵەیە لەلای موسڵمانانیش دەبینین، کاتێك ڕێوڕەسمەکانی ساڵانەی حەج لە مەککەی پیرۆزدا بەڕێوەدەبەن، یان کاتێك سەردانی مەزاری پیاوچاکان و شوێنە ئاینییەکان دەکەن، ئەمەش لاساییکردنەوەی جوڵەی هەسارە و ئەستێرەکانە، لەوانەشە واتای ڕزگاربون لە جادوش بگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا کێشانی ناوچەیەکی بازنەیی پیرۆز واتای پاراستنیش دەگەیەنێت (محمود، ٢٠١٨، ٦-٧). سەما و شایی – هەڵپەڕکێ لە هەردو فۆرمی ئاینی و دونیایی خۆی لە کۆمەڵگەی ئێزدییەکان لە شێوە و ئەندازەی بازنەیی و نیوە بازنەییدا دەرناچێ، ئەمە جگە لە هەنگاوانی جوڵەیی هەمیشە پێچەوانەی میللی کاتژمێرە، دیارە ئەمەش درێژکراوەی پەیوەندی قوڵی کلتورییە لەگەڵ شارستانیەتە کۆنەکانی ناوچەکەدا.

بەزۆریش ئەو سەمایانەی شارستانییەتە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا، هاوکاتبون لەگەڵ پۆشینی جلوبەرگی گونجاو لەگەڵ جۆری سەمایەکە، چونکە سەمایان وەك هۆکارێك بۆ نزیکبونەوە لە خواوەند بەکارهێناوە، هەر لەبەرئەوەش بوە ئەو پۆشاکانەیان لەبەرکردوە، کە پێیانوابوە خوا پەسندیاندەکات، یانیش لەوانەیە لە خودا نزیکیانبکەنەوە، بەزۆریش ئەو جلوبەرگانە سەرنجڕاکێش بون، بۆ ئەوەی وێنای ئەو گیانانە بکات، کە دەربڕی سەماکە بوە، لەبەرئەوە ئەو سەمایانە چەند شێوەیەکی گوزارشتییان لەخۆدەگرت، هەر بۆنە و ڕێوڕەسمێکیش سەمای تایبەت بە خۆیان هەبو(محمود، ٢٠١٨، ٦).

هیرۆدۆت لەبارەی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی ڕۆژگاری دەوڵەتی (ماد)ەوە بۆ خواوەندەکانیان، کە ڕێبەرانی ئاینی، واتە: (موغ)ەکان سەرپەرشتییاندەکرد، دەڵێ: موغەکان خۆیان سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی ئەم قوربانیانەیان دەکرد و دوای قوربانیکردنەکەش هەروەک هیرۆدۆت و ئەسترابۆ دەگێڕنەوە: موغەکان سرودی تایبەتیی خواوەندیان دەچڕی. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینییە، هەڵبەتە ناشێ ئەو کتێبە (گاتا) بوبێ، چونکە (گاتا) دژی قوربانیکردنە، بۆیە دەبێ مەبەستی هێرۆدۆت لەم سرودانە، هەر (یەشتا)بوە و (یەشتا)ش نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ (ڕێگ ڤیدا) هەیە، کە بۆ ڕێوڕەسمی قوربانیکردن، ڕێنوێنیی تایبەتی تێدایە. هەر لەم بارەیەوە (یۆناسیس)ی نوسەری سەدەی دوەمی زایینی دەڵێ: موغەکان ئەم سرودانەیان لە ڕوی کتێبەوە دەخوێندەوە(باقی، ٢٠١٣، ١٩١).

سەبارەت بە بنەچەی ئەم سروتی سەما لە ئاینی ئێزدییەکان، چەندین بۆچون هەن، بەشێکیان بۆ گیایەک بە ناوی (هۆم – سۆم – سۆما) دەگەڕێننەوە، کە گیایەکی پیرۆزە و لە زمانی سانسکریتی و لە ئاڤێستادا بە (هۆم – هۆما)[٣] ناوی هاتوە. هەروەک لە ئاڤێستا و تێکستی پەهلەویدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەوکاتەی جەم یان جەمشید[٤] (یەم)، لە کتێبی (ڤیدا) و فەرهەنگی سانسکریتی (یەمە – Yama)، لە پەهلەوی (یەمەک، جەمەک)، کە یەکێک بو لە گەورەترین و بەناوبانگترین پاشاکانی هیندۆئێرانی، کاتێک میترا (گایەک)ی دەکردە قوربانی بۆ خواوەندی ڕۆژ، ئەو کردارەی پاش ڕۆژئاوابون یان لە جێگایەکی تاریکی وەک ئەشکەوت یان ژێرزەمین، بە هاوەڵی موزیک و سەما

بەجێدەگەیاند، گیای (سۆم) دەسوتێنرا و بە سەما سێ جار لە دەوری دەسوڕانەوە. ئامانج لە سوتاندنی ئەم گیایە، وەکو هەوڵێک بو بۆ دەستەبەرکردنی نەمری و تەمەندرێژی و نوێبونەوەی ژیان(٥).

بەشێکی تر لە سەرچاوەکان لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی دەیگەڕێننەوە بۆ دەربڕینی سوڕانەوەی فریشتەکان بە دەوری خودا، یان سوڕانەوەی هەسارەکان بە دەوری خوادا (خانکی، ٢٠١٦، ٢٧١). هەندێکیتر وەکو سەمایەکی ئاینی، کە نیشانەی حەوت فریشتە بێت، دەیناسێنن (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٨).

هەروەها سمۆ (٢٠٠٩) دەڵێ: "سەما دناڤ ئۆلا ئێزدیان دا تێت زانین کو گۆڤەندەکا دینیە... بەرێ هەفت ئۆلدارا سەما دکێشا و نها بویە دو ڕێز، ئانکو چاردە ئۆلدار سێ جارا ل دۆر چراێ دزڤرن... سەبارەت مەرەما زڤڕینا هەر هەفت کەسێن سەمایێ دکێشن هندەک بۆچون هەنە دیار دکەن ئەڤ زڤرینە دبت مەرەما زڤڕینا هەر هەفت ستێرا ل دۆر ڕۆژێ یان هەر هەفت ملیاکەتا ل دۆر خودایێ پەروەستە دبن" (سمو، ٢٠٠٩، ٥٧-٦٢).

خانکی (٢٠٠٤)، کە باس لە مانای فەلسەفی سەما دەکات و دەڵێت:"دەکرێ مەبەست لێی سوڕانەوەی هەر حەوت ئەستێرە بێت بە دەوری خۆردا، یان سوڕانەوەی هەر حەوت فریشتە بێت بە دەوری خودادا، یان سەمای هەر حەوت فریشتە بێت بە دەوری دەرگای ئاسماندا (دەمبەل قاپێ)(٦)" (خانکی، ٢٠٠٤، ٤٧).

سەما سروتێکی ئاینیی ڕەهایە، کە جۆرێکە لە گۆڤەند، بەڵام تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و گەردون، بەتایبەتی ئەو کاتەی ڕۆح چۆتەبەر جەستەی ئادەم. ڕێوڕەسمێکی کۆنی ئێزدییەکانە و بۆ خواوەندی ڕۆژ ئەنجامدەدرێت، پێش هاتنی (شێخ ئادێ) ئەنجامدراوە. لە نواندنی سەمادا سەماکێشەکانی لای ڕاست هێمای گوزارشت لەو حەوت فریشتەی خودا دەکەن، کە لە دیدارەکەیاندا بۆ ڕۆح خستنە بەر جەستەی ئادەم ئامادەبون، حەوت سەماکێشی لای چەپیش نوێنەرایەتیی ئەو لێکچون و سیفەتانە دەکەن، کە لە حەوت فریشتەکەی دیکەدا هەبون، بەڵام ئەوان لە ژیاندان بۆ پەیوەندییە ئاینییەکان (هاشم، ٢٠١٩، ٣٢-٣٣). لەمارەیەوە (پیر خدر سلێمان) دەڵێ: لە کۆندا سەماکێش حەوت کەس بون و سیمبولی حەوت فریشتەکە بوە. سەما، ئاماژیە بۆ ئەو فریشتانەی لە ئاسماندا بە دەوری ڕوناکی (نور)ی خودا سوڕاینەوە. ئەمڕۆ سەماکێشەکان دو ڕیزن، ڕیزی لای ڕاست، سیمبولی ئەو حەوت فریشتە هێما دەکات(٧)، ڕیزی دەستە چەپیش سوڕی ئەو فریشتانەیە لەبەر حەوت پیاوچاک (خاس)ی ئێزدی. فەقیر، کە بە جلوبەرگی تایبەتی (تانج و حل) لەپێشەوەی هەردو ڕیزەکەدا دەڕوا و لە ئاسماندا ڕۆڵی سەرۆکی فریشتەکان - تاوسی مەلەک دەبینێ و لەسەر زەویشدا سوڕی تاوسی مەلەکە لەبەر شێخادێ دایە (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٩)، هەروەک لەو (سەبەق)(٨)ەی (قەولێ شێخادی و شێخێ شارا) ئاماژە بەوە دەکات، کە سوڕی شێخادێ و تاوسی مەلەک و ئێزی یەکن:

شێخادی و تاوسی مەلەک و سلتان ئێزی ژ ئێکن

چو مەعنیا ژێ نەکەن

ئەو زو مرازا حاسل دکەن (دنانی، ٢٠١٢، ١٣٣؛ باقسری، ٢٠٠٣، ٢٨)

ئەگەر بۆ ئەدەبیاتی ئاینی و قەولەکان بگەڕێینەوە، ئەوا پەیوەندییەکی قوڵ لەنێوان چیرۆکی خوڵقاندن (میتۆلۆژیای خەلیقەت) و سروتی سەما دەبینرێ، بە تایبەتی لە سەمای دەورانی پیاوانی ئاینی بە دەوری ئاگری چرای (چەقەلتو) و ژەنینی دەف و شەباب لەگەڵ قەول و قەسیدەی ئاینی. لەمبارەیەوە لە قەولی (زەبونێ دل مەکسور) ئاماژەی پێداوە، کە خودا لەش و جەستەی ئادەمی خەلق کردوە و ماوەی (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ بێ ڕۆح مایەوە. حەوت گەورە فریشتەکان لە دەوری جەستەی ئادەم کۆبونەوە و ڕۆحیش بەسەر جەستەی ئادەم دەخولایەوە، گوتیان: ئەی ڕۆح بۆ لە جەستەی ئادەم جێگیر نابی، ڕۆح وەڵامی دایەوە: ئێوە دەزانن، کە من ناچمە ناو جەستەی ئادەم، تاکو دەف و شەباب لە ئاسمان دێتە خوارەوە. بە فرمانی خودا دەف و شەباب هاتنە خوارەوە و فریشتەکان دەستیان بە ژەنینی ئەم دو ئامێرە کرد و سروتی (سەما)یان بەجێگەیاند و هەر حەوت فریشتەکە بە دەوری "قەندیل"ی (چرای عەرش)، (کە لەسەر چرایەکە کەلەشێرێک هەیە)، دەخولانەوە. فریشتەکان سێ جار بە دەوری چرایەکە سوڕانەوە، وەکو ئەوەی ئێستا پیاوانی ئاینی ئێزدی ئەنجامی دەدەن، کە لە حەوت کەس پێکدێت و لە پێشەوەیدا پیاوێکی ئاینی، کە تاج و جلێکی ڕەشی لەبەردایە و ئەوانی تر جلی سپییان لەبەردایە، هەمان ئەو سروتەیە کە فریشتەکان ئەنجامیانداوە.

"پشتی هەفت سەد ساڵ هەفت سۆڕ هاتنە هنداڤە

قالبێ ئدەم ما بو بێ گاڤە
گۆتە ڕوحێ تو بۆچی ناچیە ناڤە
*** ***
ڕوحێ گۆ: ل با ئاشقا وە مەعلومە
هەتا بۆ من ژ بانا نێن شاز و قدومە
نیڤەکا ڕوحێ و قالبێ ئادەم زۆر تخومە
*** ***
شاز و قدوم هات و هەردی
نورا موحبەتێ هنگڤتە سەری
ڕوح هات ل قالبێ ئادەم ئێوری" (دنانی، ٢٠١٢، ٣٩٧)

ناوی ئادێ لە دو برگە پێکدێت، ئاو یان ئاڤ، دێ. بەوپێیە ناوی ئادێ دەبێتە (ئاودەر) "الساقی" بەو پێیە ئادێ ئەو ئاودەرەیە، کە ئاوی ژیانی بە ئادەم داوە. لەبەر ئازاری ئەوکاتەی ڕۆح چوە جەستەی ئادەم و هەستی بە ژیان کرد، ئادەم هاواری لێ هەڵسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گوتی: "هانە" واتە یارمەتیم بدەن، بە هانام وەرن.

ئادەمی ژ وێ کاسێ ڤەدخوارد و ڤەدژیا
مەست بو و هژیا
گۆشت لێ هوریا، خون تێ گەریا
*** ***
ئادەم ژ وێ کاسێ ڤەدخوارە
کەرامەتا وێ کاسێ هاتە دیارە
لەو ئدەم پێنگژی پێ بو شیارە

تا ئێستاش سروتی سەما ئەنجامدەدرێت، قەوال دەڵێ: (هەچیێ گۆت هانە خودێ بدەتێ ئیمانە). بۆیە بەپێی ئەم سروتە، لە پەرداخێکی بچوک ئاو دەدرێتە چەند کەسانێک و نابێ بۆ وەرگرتنی پەرداخەکە دەستی درێژ بکات، چونکە ئادەم تا ئەوکاتە نەیدەتوانی دەستەکانی بجولێنێ.

بۆیە دەکرێ بڵێین سەما دوبارە و چاوەلێکەری و ژیانەوەی ئەو سروتەیە، کە فریشتەکان لە ڕۆژی جێگیربونی ڕۆح لە جەستەی ئادەم ئەنجامیان داوە.

هەر لە ئەدەبیاتی ئاینی ئێزدیدا، لە سەبەقی شازدەی (قەولی علمێ نادر)[٩] یان (دوعا باوڕیێ)، کە یەکەمجار فریشتەکان سەمای (قانونی)یان لە ئاسماندا کێشاوە:

باوەڕی سەرێ هەمو خێرا
مەلەکا سەمایە قانونی ل عەزمانا دگێرا
مۆمن ب وێ باوەڕیێ گەهشتنە دیوانا جەبێرا (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٢٤٢)

٣- ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوە

بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری، توێژەر دو ئاڕاستەی کارکردنی بەکارهێناوە:

١- گەڕانی مەیدانی بە بە شداریکردنی توێژەر لە چالاکییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکو جەژن و بۆنە و مەڕاسیمەکان. ئەویش بە هەردو لایەنی: یەکەم، لە کاتی بەشداری کردنیدا تێبینیەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەکاتی ئەنجامدانی سروتەکاندا تۆمارکردوە. دوەم، تۆمارکردنی ڤیدیۆیی گشت سەماکان دوجار لە دوکاتی جیاوازی جەژنی جەما، کە هەمو ساڵێک دەکەوێتە ٦ هەتاکو ١٢ی مانگی ١٠ بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ، لە ساڵی ٢٠٢٢ و ساڵی ٢٠٢٣ توێژەر لە هەمو ڕۆژەکانی ئەم جەژنە لە گشت مەڕاسیمەکان بەشداری کردوە و بە ڤیدیۆ تۆماری کراوە. بەهۆی ئەوەی ڕێگە بە کەس نادرێ ڤیدیۆی ئەم سەمایانە تۆماربکرێ، بەڵام توێژەر توانی ڕەزامەندی میری ئێزدییان (میر حازم تەحسین بەگ) وەرگری و ڤیدیۆکان تۆماربکات. مەبەستیش لە دوجار تۆمارکردنی سەماکان بۆ ئەوە بوە، کە بەراوردی لایەنی موزیکی و ڕیتمی و جوڵەیی

سەماکێشەکان بکات لە بونی هەر گۆڕانکارییەک، بەڵام لە هەردو جاردا هیچ گۆڕانێکی وا نەبوە، جگە لە بونی دو کاتی جیاواز لە دو ساڵی جیاوازدا. هەروەها بەهۆی ئەوەی سەمای (ماکا ئێزی) لە تازیەی ئافرەتان ئەنجامدەدرێ، توێژەر نەیتوانی ئامادەبێت، بەڵام تۆماری دەنگی موزیکەکەی لەڕێگەی قەوال نەسرِ بەدەستهێنا.

٢- چاوپێکەوتن و گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان، لەمبارەیەوە دوای بەدواداچونی ورد بۆ دیاریکردنی کەسێک یان چەند کەسێک وەکو زانیاری بەخش (Informant) بۆ ئەوەی یارمەتی توێژەر بدەن لە گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و لەسەر ڕێنمایی میری ئێزدییان، قەوال نەسرِ دۆملی بوە هاریکار و ڕێنماییکاری توێژەر لە گشت گەڕانەکانیدا، هەر لەڕێگەی ئەویشەوە توێژەر دەیتوانی هەر کەسێک کە بیەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات، پێیبگات.

لە گەڕانە مەیدانییەکانی توێژەردا، لەکاتی بەشداریکردنی لە جەژن و ڕێوڕەسمە ئاینەکاندا بە شێوازێک بوە کە خۆی وەکو کەسێک لە ئەندامانی ڕێوڕەسمەکە پیشانداوە تاکو کارنەکاتە سەر بەڕێوەچونی چالاکییەکە بە شێوەیەکی ئاسایی، تێبینیکردنی جوڵەی سەماکان و گۆڤەندی ئاینی لە (کانیا سپی) و دیلانی ئامادەبوان لە (سوکا مەعریفەتێ). گۆڤەند و دیلان و سەما لە کۆمەڵگەی ئاینیی ئێزدیدا پێناسی جیاکردنەوەیان لە یەکتری لەسەر بنەمای جۆری موزیکەکەیە لە ڕیتم و میلۆدیدا، لەگەڵ جۆری ئەو ئامێرە موزیکییانەی لەگەڵی دەژەندرێ.

٤- گفتوگۆ و شرۆڤەکردن

بە مەبەستی گفتوگۆ و شرۆڤەکردنی سروتی سەما سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ئەم سروتە کۆنتێکستی کولتوری ئێزدی و باوەڕی ئاینی لە پراکتیزەکردنی ئەم سروتە لە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێویستم زانی لە سەر بنەمای ئەم خاڵ و پێوەرانەی خوارەوە ئەنجامی بدەم:

١-٤ پێکهاتەی سەما

سەما و جۆرەکانی سەما لەنێو ئێزدییەکان، واتا جۆری ئەو موزیکەی ئەدادەکرێت لەگەڵ چەندین لایەنی تری وەک جوڵە و تێکستی ئاینی لە قەول[١٠] و قەسیدە[١١] و بەیت[١٢]، واتە جۆری جوڵە و تێکستەکانی ناو سەما، جۆری سەما دیاریناکات، هەرچەندە لە سەماکاندا بەشێک لە تێکستەکان جیاوازن، بەڵام لەنێوان هەندێ سەمادا تێکستی هاوبەشیش هەن. بۆیە کاتێ باس لە هەر سەمایەک دەکرێ، دەبێ موزیکەکەی بناسی، تاکو بزانێ چ جۆرە سەمایەکە.

لەنێو ئێزدییەکاندا حەوت جۆر سەما هەیە، لەڕوی جوڵەی جەستەیی و ژمارەی سەماکێش پێنج جۆری وەکو یەکن، ئەوانیش سەماکانی (قانونی، بلند، زەرزا، شەرفەدین، شێشمس)، جیاوازییان لەڕێگەی جۆری میلۆدی و ڕیتمی موزیک و بەشێک لەو تێکستە ئاینییانەی لەگەڵی دەگوترێ بەدیاردەکەون، ئەنجامدانی ئەم سەمایانە ڕێوشوێنی تایبەتیی خۆیان هەیە و لەهەمان کاتیشدا لە ئێوارەی سێیەمی تازیەدا، ئەگەر کەسی مردو پیاو بو، کە پێیدەگوترێ (ئێوارەی خێری مردو)، ئەوا بەپێی ئەوەی شوێنکەوتوی چ شێخێکە ئەو جۆرە سەمایەی بەبێ جوڵەی جەستەیی بۆ دەکرێ.

سەماکانی (قانونی، بلند، زەرزا، شەرفەدین، شێشمس)، لە بۆنە و جەژنەکاندا، هەر یەکەی لە ئێوارە و ڕۆژی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامدەدرێ. لە جەژنی چلەی هاویندا، ئەم سێ سەمایە، لە ڕۆژەکانی یەکەم و دوەم و سێیەم، دێتە کێشان (سەما شەرفەدین، سەما شێشمس و سەما قانونی)، لە ڕۆژانی چوارەم و پێنجەمیش سەمای شێشمس و قانونی دوبارەدەکرێتەوە. لە جەژنی چلەی زستاندا دو سەما دێنە کێشان، لە ئێوارەی عەرەفات سەما شەرفەدین، لە ئێوارەی جەژنیش سەما قانونی. لە ئێوارەی (شەڤبەرات) هەردو سەمای قانونی و شەرفەدین، یەک لەدوای یەک دێنە کێشان. لە جەژنی قوربان چوار سەما دێنە کێشان، لە ئێوارەی عەرەفات سەما قانونی، لە ئێوارەی جەژن سەما شەرفەدین لە جەلسەی شێخادێ دەکرێ، هەروەها لە بەیانی جەژن لەسەر چیای عەرەفات هەردو سەمای قانونی و شەرفەدین دێنە کێشان. لە جەژنی جەما، کە حەوت ڕۆژە، هەمو ئێوارەیەک لە جەلسەی شێخادێ سەمایەک دێتە کێشان، بەم شێوەیە: ڕۆژی یەکەم سەما شێشمس، ڕۆژی دوەم سەما شەرفەدین، ڕۆژی سێیەم سەما قانونی، ڕۆژی چوارەم سەما زەرزا، ڕۆژی پێنجەم سەما بلند، ڕۆژی شەشەم دوبارە سەما شێشمس و ڕۆژی حەوتەم دوبارە سەما قانونی. هەروەها دوای کۆتایی جەژنی جەما، ڕۆژی دواتر، کە پێیدەگوترێ ڕۆژی (گۆڤەند)، پێش گواستنەوەی (بەرێ شباکێ) بۆ بەحزانێ، سەما قانونی لە سێ شوێنی جیاواز لە پەرستگای لالش دێنە کێشان، یەکەمیان لە جەلسەی شێشمس، دوەمیان لە جەلسەی کانیا سپی و سێیەمیان لە جەلسەی شێخ عەبدل قادر[١٣].

بەڵام سەمای (ماکا ئێزی) تەنیا موزیک بە دەف و شەباب و تێکستی ئاینییە و هیچ جوڵەی جەستەیی لەگەڵدا نییە، کە لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەمی تازیەدا، کە پێیدەگوترێ (ئێوارەی خێری مردو) ئەدا دەکرێ، ئەگەر کەسی مردو ئافرەت بو، هەورەها لە هەندێک بۆنە و یاد و مەراسیمەکانیش ئەدادەکرێ. هەروەها سەمای مەرکابا (سەرترپە) یان سەمای سەر گۆڕ - قەبر، ئەم جۆرە سەمایە تەنیا لەسەر تابوتی

مردو یان گۆڕەکەی ئەنجامەدرێ، بەهۆی ئەوەی لە بۆنە و یادەکاندا زیاتر ئافرەت دەچنە سەردانی گۆڕستان، لەم بۆنە و یادانەشدا قەوالەکانیش سەردانی گۆڕستان دەکەن، کەسوکاری مردو داوای ژەنینی سەما لە قەوالەکان دەکەن و ئافرەتانی ئامادەبوی سەرگۆڕ، کە دواتر زیاتر باسدەکرێ، هەندێجار جوڵەی جەستەیی لەگەڵ ئەنجامدەدەن.

٢-٤ کۆڕی سەماکێش:

کۆڕی سەماکێشەکان لە سەماکانی (قانونی، بلند، زەرزا، شەرفەدین، شێشمس) لە چواردە کەس پێکدێ، لە پێشەوە یەک کەس و لە دواوەش یەک کەس، ئەوانی تر بە دو ڕیزی شەش کەسی، لای ڕاست و لای چەپ ڕیز دەبن. کەسی یەکەم کە (فەقیرە)[١٤] و (خەرقە)[١٥]ی پیرۆزی لەبەردایە، پێیدەگوترێ مجێوری ماڵی شێخادێ (سەردەری مالا شێخادێ)، لە کاتی مەراسیمی سروتی سەما جلوبەرگی ئاینی تایبەت دەپۆشێ، کە پێیدەگوترێ (تاج و حل) و ڕەنگی ڕەشە، بەڵام سەماکێشەکانی تر هەمویان ڕەنگی جلوبەرگی ئاینییان سپییە، پێیدەڵێن (مەرزو) (حەسەن، ٢٠١٩، ٣٣). لە دوای ئەو، شەش پیاوی ئاینی دێن، کە هەر یەکەیان نوێنەرایەتیی پیاوچاکێکی ئاینی یان ناوچەیەکی جوگرافی دەکەن، بەم شێوەیە:

١- پێشمامێ مەرگەهێ، بە نوێنەرایەتیی شێخ حەسەن[١٦].

٢- میر حەج، بە نوێنەرایەتیی میری ئێزدیان[١٧].

٣- شێخێ وەزیر، بە نوێنەرایەتیی شێخ شەمس[١٨].

٤- مجێوری مەزاری شێخ ئیسماعیل، بە نوێنەرایەتیی شێخ سمایلا (ئیسماعیل عەنزەلی) [١٩].

٥- مجێوری مەزاری شێخ عەبدولقادر، بە نوێنەرایەتیی شێخ عەبدولقادر[٢٠].

٦- پیرێ ئێسیبیا[٢١]، بە نوێنەرایەتیی پیرێ ئێسیبیا.

لە ناوەڕاستی سوڕانەوەی یەکەم، لەبەردەم جەلسەی شێخ فەخرا (بابەشێخ)، شەش پیاوی ئاینیی تر لەلای ڕاستدا تێکەڵی کۆڕی سەماکێشان دەبن و کۆتا کەسیش دەبێتە (بابێ چاویش)[٢٢] و ژمارەی کۆی گشتییان دەبێتە چواردە کەس، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پێشمامێ بابە شێخ، بە نوێنەرایەتیی شێخ شەرفەدین[٢٣].

٢- بابەشێخ (ئیختیارێ مەرگەهێ)، بە نوێنەرایەتیی شێخ (فەخرا) فەخرەدین[٢٤].

٣- بابە گاڤان[٢٥]، بە نوێنەرایەتیی شێخ ئامادین.

٤- ئەختیارێ باسکی (ئێسڤنێ)[٢٦]، بە نوێنەرایەتیی ناوچەی باسکێ شێخ.

٥- ئەختیارێ بەحزانێ، بە نوێنەرایەتیی ناوچەی بەحزانێ.

٦- ئەختیارێ باشیکێ، بە نوێنەرایەتیی ناوچەی باشیک[٢٧].

هەر یەک لەو سەماکێشانە نوێنەرایەتیی پیاوچاکێکی ئاینی و چینێکی کۆمەڵایەتی و ناوچەکەی ئێزدینشین دەکات. پێکهاتەی هەیکەلی سەماکێشەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| فەقیر (سەردەری مالا شێخادێ) | |
|---|---|
| سەماکێشانی لای ڕاست | سەماکێشانی لای چەپ |
| پێشمامێ بابە شێخ | پێشمامێ مەرگەهێ |
| بابەشێخ | میر حەج |
| بابە گاڤان | شێخێ وەزیر |
| ئەختیارێ باسکی | شێخێ شێخ سمایلا |
| ئەختیارێ بەحزانێ | شێخێ شێخ عەبدل قادر |
| ئەختیارێ باشیکێ | پیرێ ئیسیبیا |
| بابە (بابێ) چاویش | |

٣-٤ جوڵەی سەما:

پێنج جۆری سەما (قانونی، بلند، زەرزا، شەرفەدین، شێشمس)، وەکو جوڵە هەمان جوڵەیە و تەنیا لەڕوی ڕیتم و میلۆدی موزیک و بەشێک لە تێکستی ئاینییەوە جیاوازن، جگە لە جوڵەی سەمای (مەرکابا) نەبێ، کە تایبەتە بە ئافرەتان و لەسەر گۆڕ ئەنجامدەدرێ و

لەگەڵ سەمای (ماکا ئێزی)، کە هیچ جوڵەی لەگەڵدا نییە (دوملی، ٢٠٢٣). ئاراستەی هەنگاوانی جوڵەی سەماکێشان بەپێچەوانەی میلی کاتژمێر دەسوڕێنەوە، و سێ جار بە دەوری ئاگری چەقەڵتو (نورا خودێ)، کە فتیل لەنێو زەیتی زەیتون دەسوتێندرێ، ڕێگەنادرێ هیچ ئاگرێکی یان ڕوناکییەکی تر هەڵبگیرسێ، تەنانەت ئەو ڕوناکییەی لە سوتانی توتنی جگەرەیەکیش، ئەگەر کەسێک بیەوێ جگەرەیەک بکێشێ، ڕێگەپێنەدراوە.

بەپێی ڕاستە هەنگاوێکی درێژ دەچێتە پێش و لەهەمان کاتدا دەستی ڕاستی دەخاتە سەر سنگی لەلای چەپ، دواتر پێی چەپ بە خشاندن لەسەر زەوی دەگەیێنێتە ئاستی پێی ڕاست، لەهەمان کاتدا دەستی ڕاستی بە سینگی دادەهێنێ بەرەو لای چەپی بۆ خوارەوە.

یەکەم سەماکێش فەقیری بە خەرقەیە، کە بە یەکەم هەنگاو لەبەردەم دەرگای پەرستگا دەستپێدەکات و جوڵەکانی تەواودەکات، پاشان سەماکێشی دوەم جوڵەکانی دەکات، بەم شێوەیە سەماکێشەکانی تر هەر کاتێک سەماکێشی پێشخۆی ڕاوەستا، ئەو دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت. سەماکێشی یەکەم، کە جوڵەی یەکەم دەکات، کاتی جوڵەی دوەمی ئەوکاتەیە، کە سەماکێشی ڕیزی سێیەمیش لە جوڵەی یەکەم تەواوبوە. سەما کێشی سێیەم کۆتایی بە جوڵەی یەکەم دەهێنێ، ئێنجا سەماکێشی یەکەم جوڵەی دوەم دەکاتەوە، بەمشێوەیە هەر ڕیزێکی سەماکێش لەگەڵ کۆتایی جوڵەی دو ڕیز دوای خۆی جوڵەی نوێ دەکات. بەشێوەیەکی ئەندازەی کاتی خایاندنی جوڵەکان بە شێوەیەکە، هەر ڕیزێک تەواوبو، پشویەکی کورت هەیە و دەست بە جوڵەی دواتری دەکات، کە هەمیشە جوڵەکان دوبارەن.

ئامادەبوانی تەماشاکەر سێ جۆرن و بەپێی ڕیزبەندی پلەی ئاینی و کۆمەڵایەتی ڕیزدەبن. ئەو شوێنەی سەمای تێدا دەکرێت، پێیدەگوترێ (جەلسا شێخادێ)، یەکەم کەس کە لەلای ڕاستی دەرگای پەرستگا لەبن دیوار دادەنیشێ، میر یان کەسێک بە نوێنەرایەتیی میر لە بنەماڵەی میر و دواتر پلە بە پلەی نزمتر ئەوانی تر دادەنیشن. لەلای چەپیش یەکەم کەس پێشیمامە و دواتر ئەوانی تر دادەنیشن. لە بەشی خوارەوەی گۆڕەپانەکە لەبن دیواری جەلسەی شێخ فەخر قەوالەکان دانیشتون، کە دەف و شەباب دەژەنن و قەولەکان دەڵێن. لەلای چەپی گۆڕەپانەکەش کۆی گشتی ئامادەبوانی تەماشاکەر کۆدەبنەوە. شایانی باسە پێش دەستپێکی مەراسیمی سەما یەکێک لە قەوالەکان گوتارێکی ئاینی پێشکەش دەکات و ئامادەبوانیش بە دانیشتنەوە گوێی لێدەگرن.

لەکاتی دەستپێکردنی سەما دەبێ هەمو ئامادەبوان بە پێوە ڕاوەستن و نابێ دانیشن، تاکو تەواودەبێ. لەگەڵ هەر جوڵەیەکی سەماکێشی یەکەم، ئافرەتانی ئامادەبو هەلهەلە لێدەدەن، پیاوانیش بەهەمان شێوە لەگەڵ هەر جوڵەیەکی سەماکێشی یەکەم (سەردەرێ مالا شێخادێ)، سەر دادەنوێنن و دەستی ڕاستیان بە ڕیشیان دادەهێنن، پاشان پەنجەی شەهادەیان بە نوشتاوەیی ماچ دەکەن.

٤-٤ جۆرەکانی سەما:

سروتی سەما بریتییە لە حەوت جۆر، کە هەر یەکێکیان تایبەتە بە لایەنێکی تایبەت بە لایەنەکانی بیروباوەڕی ئاینی، پێکهاتەی چینایەتی ئاینی، پیاوچاکێک (خاس)ی مێژوی ئاینی، بەتایبەتی ئەوانەی سوری فریشتەیەکیان هەڵگرتوە، یان نەریتێکی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش لەڕێگەی ئەو موزیکەی بە دەف و شەباب لەگەڵی دەژەندرێ یان تێکستی ئاینی ناو سەماکان دەناسرێنەوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەپێدرا، هەمو جۆرەکانی سەما جوڵەکانیان هاوشێوەن، جگە لە جوڵەی سەمای (مەرکابا) نەبێ، کە تایبەتە بە ئافرەتان و لەسەر گۆڕ ئەنجامدەدرێ، لەگەڵ سەمای (ماکا ئێزی) کە هیچ جوڵەیەکی لەگەڵ نییە، دواتر زیاتر ئاماژەی بۆ دەکرێ.

هەر سەمایەک ڕیتمی موزیکی و چەند جۆرێک لە میلۆدی تایبەتی خۆی هەیە و بەهیچ شێوەیەک بۆ هیچ سروت، بۆنەیەک یان مەراسیمێکیتر بەکارناهێنرێ. میلۆدی و ڕیتمی موزیکی هەر سەمایەک لەگەڵ ئەو تێکستە ئاینییانەی لەگەڵی بەشێوەی تەرتیل دەخوێندرێتەوە، یان هەندێجار بە شێوەی دەربڕینی نەغمەدار یان دەربڕینی ڕیتمی، ناسنامەی ناسینەوەی جۆری سەماکانە.

پێش دەستپێکردنی سەما، بەتایبەتی ئەو سەمایانەی لە جەژنی جەما ئەنجامدەدرێن، یەکێک لە قەوالەکان بۆ ماوەی ٥ خولەک تاکو ٢٠ خولەک وتارێکی ئاینی پێکەش دەکات، کە زیاتر ڕێنوێنی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ئاینی لەخۆدەگرێت و پێیدەگوترێ (نەسیحەت).

٤-٤-١ سەما قانونی:

ئەم سەمایە هێمای ئەو یاسایە بنچینەییەیە، کە شێخادێ بۆ ئێزدییەکانی داناوە و پێیدەگوترێت یاسای (حەد و سەد). ئەم یاسایە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاینی لەلایەنی ئەرک و مافەوە ڕونکردەوە و چەسپاند، کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا کارپێدەکرێت. بەپێی ئەم یاسایە شێخ و پیر و مورید، فەقیر و قەوال و ... هتد دەستنیشانکران. هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، یەکەم سەماش، کە لە ئاسمان ئەنجامدرابێ، سەمای (قانونی) بوە.

سەما قانونی لەم قەول و قەسیدانە پێکهاتوە:

١- قەولی (لاویٚ پیران) لاوکیٚ پیرا[٢٨].

٢- قەسیدەی (صفا وقتي)[٢٩].

٣- قەسیدەی (انا وحدي)[٣٠].

٤- قەسیدەی (اسمعوا جماعة الحاضر)[٣١].

٥- قەسیدەی (هەی جانه[٣٢] هەی جانه)[٣٣].

٦- قەولیٚ ماکیٚ[٣٤].

٧- قەسیدەی شێخادیٚ شێخیٚ شارا[٣٥].

موزیکی سەما:




٢-٤-٤ سەما بلند:

ئەو سەمایە بە ناوی شێخ حەسەن (مەلەک شێخ سن)، دوەم کەسایەتیی پیاوچاک (خاس)ی ئاینی ئێزدی کراوە، ئەو کاتەی لەلایەن شێخادیَ خەڵاتکرا. پلەی ئاینی (پێشیمام) نوێنەرایەتیی مەلەک شێخ سن لە پێکهاتەی پلەبەندی ئاینی دەکات.

سەمای بلند لەم قەسیدانە پێکهاتوە:

١- قەسیدەی (كما كلمت بالطلوع)[٣٦].
٢- قەسیدەی چەند گۆڤەندە[٣٧].
٣- قەسیدەی (خالي الرحوم)[٣٨].
٤- قەسیدەی (صفا وقتي).
٥- قەسیدەی هەی جانە هەی جانە.
موزیکی سەما:




٣-٤-٤ سەما زەرزا:

ئەو سەمایە بە ناوی شەمسانییە، بەتایبەتی بنەماڵەی شێخ ناسرەدین (مەلەک ناسرەدین) کراوەتە خەڵات بۆ خێڵی زەرزایە، بەوپێیەی ئەم هۆزە یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی شەمسانی، کە شوێنکەوتوی (شێخ ناسرەدین)ن.

سەمای زەرزا لەم قەسیدانە پێکهاتوە:

١- قەسیدا سبحانە ژ تە یا مەلکێ ئەکبەر[٣٩].

٢- قەسیدەی جۆپان[٤٠].

٣- قەسیدەی (انا وحدي).

٤- قەسیدەی چەند گۆڤەندە.

٥- قەسیدەی هەی جانە هەی جانە.

موزیکی سەما:



**له خولەکی ١٤:٢٧ تا کۆتایی ئەم میلۆدیە دوبارە دەبیتەوە**



٤-٤-٤ سەما شەرفەدین:

سەما شەرفەدین خەڵاتی شێخ حەسەنە بۆ کوڕەکەی، وەلی شەرفەدین، کەرامەت و موعجیزەی شێخادیٚ دەگێڕێتەوە، هەروەها وەسفی تایبەتمەندییەکانی سیفاتی شێخ شەمس کوڕی ئێزدینە میر باس دەکات.

سەما شەرفەدین لەم قەسیدە و بەیتانە پێکهاتوە(٤١):

١- قەسیدەی (شدیت بالزنارة)(٤٢).

٢- قەسیدەی هەی ئادی یە شێخیٚ منە(٤٣).

٣- بەیتی شێشمس(٤٤).

٤- قەسیدەی شەرفەدین(٤٥).

٥- برمە بەهەشتا عەنزەلی(٤٦).

٦- قەسیدەی (کما کلمت بالطلوع).


موزیکی سەما:

ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٢٨: ٢٣ بەردەوام دەبێت تا خولەکی ٢٨:59

ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٢١:٢١ بەردەوام دەبێت تا خولەکی ٢٨:٢٢




ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٢٩ تا خولەکی ٣٠:٤٢



ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٣٠:٤٣ تا خولەکی ٣٣:٤٠ بەردەوام دەبیت

ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٣٣:٤١ تا خولەکی ٣٣:55 بەردەوام دەبیت





ئەم میلۆدیە لەخولەکی ٣٣:٥٦ تا خولەکی ٣٥:57 بەردەوام دەبیت




ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٣٥:58 تا خولەکی ٤٠:٠٥ بەردەوام دەبیت

ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٤٠:٠٦ تا خولەکی ٤١:٠٢ بەردەوام دەبیت





ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٤١:٠٣ تا کۆتایی بەردەوام دەبێت



٥-٤-٤ سەما شێشمس:

ئەم سەمایە بەناوی شێخ شەمس کوڕی ئێزدینە میر (خاوەنی خۆر)ە.

سەمای شێشمس لەم قەسیدانە پێکهاتوە:

١- قەسیدەی (زمزم الادي)[٤٧].

٢- قەسیدەی (خالي الرحوم).

٣- قەسیدەی (صفا وقتي).


٤- قەسیدەی (شديت بالزنارة).


٥- قەسیدەی (اسمعوا جماعة الحاضر).

٦- برمە بەهەشتا عەنزەلی.

موزیکی سەما:


ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٢٣:١٦ تا خولەکی ٣٠:٥٠ بەردەوام دەبێت





ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٣٠:٥٠ تا کۆتایی بەردەوام دەبیت





٦-٤-٤ سەما ماکێ (ماکا ئێزی):

(ماک) بە ناوی دایک دەناسرێ. ئەم سەمایە تایبەتە بە ئافرەتان، بە تایبەتی لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەمی تازیەدا، کە پێیدەگوترێ (ئێوارەی خێری مردو)، ئەگەر کەسی مردو ئافرەت بو، هەورەها لە هەندێک بۆنە و یاد و مەراسیمەکانیش، لەگەڵ ژەنینی دەف و شەباب دەگوترێ. لەم سەمایەدا هیچ جوڵەیەک نییە تەنیا ژەنینی دەف و شەباب و گوتنی قەول و قەسیدەیە.

سەما ماکا ئێزی لەم قەول و قەسیدانە پێکهاتوە:

١- قەولی ماکێ.

٢- هەی جانا هەی جانا.

موزیکی سەما:


ئەم میلۆدیە لەسەرەتاوە تا چرکەی ٤٥ بەردەوام دەبیت
شەباب
دەف
ڕیتمی سربەست تا  چرکەی ٥٨ بەردەوام دەبیت
ئەم میلۆدیە لە چرکەی ٥٨ تا خولەکی ٣:٥٢ بەردەوام دەبیت
ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٣:٢٥ تا ٤:٠٩ بەردەوام دەبیت
ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٤:٠٩ تا ٤:١٦ بەردەوام دەبیت
ئەم میلۆدیە لە خولەکی ٤:١٦ تا ٤:١٨ بەردەوام دەبێت
یە لە خولەکی ٤:١٨ تا ١٢:٠٨ بەردەوام دەبیت
ڕیتمی سەربەست




٧-٤-٤ سەما مەرکابا (سەر تربا – سەر ترپە):

ئەم سەمایە لەسەر گۆڕ و تابوتی مردو ئەنجامدەدرێ، لەسەر گۆڕستانیش لە جەژن و بۆنەکاندا ئەنجامدەدرێت. ئەگەر کەسی مردو پیاو بێت، ئەوا سەماکێشی پیاو جوڵەی سەما ئەنجامدەدات، بەڵام ئەگەر کەسی مردو ئافرەت بو، ئەوا سەماکێشەکان ئافرەتن، جوڵەکانیشیان جیاواز، کە بریتیین لە سوڕانەوەی سێ جار بە دەوری گۆڕ و لەگەڵ هەنگاوناندا بە هەردو دەستیان لە ناوەڕاستی سینگیان دەدەن. لە ئێستادا سەمای مەرکابای تایبەت بە ئافرەتان ئەنجامنادرێ، بەهۆی ئەوەی سەماکێشی ئافرەت نییە(دوملی، ٢٠٢٣).

سەمای مەرکابا لەم قەسیدانە پێکهاتوە:

١- قەسیدەی زێنارە.

٢- قەسیدەی (صفا وقتي).

٣- قەسیدەی چۆپان.

موزیکی سەما:




٥- ئەنجام:

لەلایەنی موزیکییەوە، هەر سەمایەک میلۆدی تایبەتی خۆی هەیە و ڕێگەپێدراونییە بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکاربهێنرێ. لەلایەنی ڕیتمییەوە کێشی گشت سەماکان کێشی دوانییە، لە هەردو جۆری سادە و لێکدراو، هەرچەندە لە هەندێ باردا ڕیتمیش وەکو میلۆدی بە ڕیتمی سەربەست دەیژەنێ، بەکارهێنانی ڕیتمی دوانییش پەیوەستە بە لایەنی جوڵەی سەماکێشەکان کە جوڵەی سەرەکییان هەنگاونانە بەرەو پێشەوە و سوڕانەوە بەدەوری ئاگری چەقەڵتو.

ئەگەر لە کۆنتێکستی کلتوریدا، لە هەردو لایەنی ئاینی و دونیاییدا، خوێندنەوە بۆ سەما و هەڵپەڕکێ لە کۆمەڵگەی ئاینی ئێزدیدا بکەین، دەکرێ بڵێین سەما ئەو هونەرە جوانەی جوڵەی جەستە و ڕیتمەکانی موزیک بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، لە گشت جۆرە جڤاکەکانی

سەرانسەری جیهاندا دەلالەتێکی قوڵی هێماییانەی هەیە. سەما لەگەڵ هەڵپەرکێشدا چەند ڕەهەندێکی جۆربەجۆری هەیە و هەر تەنیا بۆ کات بەسەربردن و سەرگەرمی نییە؛ چونکە لەنێو دوتوێی خۆیدا کلتورێکی دێرین و چەند بەهایەکی کلتوری و چەندان واتای هێماییانەی هەیە، کە گوزارشت لە شوناس و دابونەریتەکانی دەکات.

١-٥ ئەرک و ڕۆڵی سەما و سروتی سەما لە ڕوی ئاینی:

سەما لە سروتە ئاینیەکاندا بەگشتی و سروتی سەما لە ئاینی ئێزدیدا، چەند ئەرکێکی هەمەچەشنی هەیە، کە بەشداری لە پتەوکردنی ڕوحانییەت و قوڵکردنەوەی کرانەوە دەکات بە ڕوی شتە خواوەندییەکاندا. بۆیە دەکرێ ئەرکی سروتی سەما و سەما لەنێو سروتدا لە ئاینی ئێزدی لەم چەند خاڵەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

١- پەیوەندیگرتن لەگەڵ لایەنە خواوەندییەکان: سەما بە هۆکارێکی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە خواوەندییەکانی نێو سروتە ئاینییەکان دادەندرێت. بەهۆی جوڵە ڕیتمییەکان و هارمۆنیا و گونجان لەگەڵ موزیکی ئاینیدا، باوەڕداران گوزارشت لە ڕێز و سوپاس و پەیوەندییان لەگەڵ خوا و جیهانە ڕوحییەکاندا دەکەن.

٢- گوزارشت لە ملکەچی و پاڕانەوە: سەما لە سروتە ئاینییەکاندا وەك هۆکارێك بۆ گوزارشتکردن لە ملکەچی و پاڕانەوەی بەردەم خواوەند بەکاردەهێندرێت. لە میانی جوڵە سادەکان و دوبارەکردنەوە ڕیتمییەکاندا، باوەڕداران گوزارشت لە ملکەچی و ڕێگەبڕین و تەڤلیبونی تەواویان لە سروتە ئاینییەکاندا دەکەن.

٣- هاندانی ڕوحانییەت و تێڕامان: سەما بەشداری لە هاندان و پاڵپشتیکردنی ڕوحانییەت و تێڕامانی بەشدارانی نێو سروتە ئاینییەکاندا دەکات. ئاوێتەبون لەگەڵ جوڵەکانی سەما و ڕیتمە موزیکییەکان دەرفەتی خولقاندنی کەشێکی پڕ لە هێمنی و بیرکۆیی (الترکیز) دەڕەخسێنێت، ئەمەش توانا بە باوەڕداران دەبەخشێت بۆ ئەوەی لەگەڵ خودادا لە پەیوەندییەکی قوڵدا بن.

٤- پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پەیوەستبونی بە کۆمەڵ: سەما لە کارە بە کۆمەڵەکانی ئاینیدا باوەڕداران بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی پەیوەستبون و هاوکاریی بەکۆمەڵی نێوانیان. بەشداران لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خوداشدا لەمیانی ئەو ئەزمونە هاوبەشانەوە هەست بە پەیوەندیی قوڵ دەکەن.

٥- گواستنەوەی بەها و ڕێوڕەسمەکان: سەما بە هۆکارێکی گواستنەوەی بەها و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان دادەندرێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. لەمیانی جوڵە سەماییەکان و موزیکییەکان، پەیامە ئاینییەکان دەگەیەندرێن و پاڵپشتیی لە تێگەیشتنی زیاتر دەکرێت و لە هۆشیاریی باوەڕداراندا پێشوازیی لێ دەکرێت.

٢-٥ ئەرک و ڕۆڵی سەما و سروتی سەما لە ڕوی کلتوری:

سەما هەر تەنیا چەند جوڵەیەکی هەڕەمەکییانەی جەستەیی نییە، بەڵکو هونەرێکە و لە دوتوێی خۆیدا چەندان مانا و بەهای قوڵی هەڵگرتوە، چونکە شوناس و بەها و دابونەریتەکانی جڤاك تیایدا ڕەنگدەداتەوە و بەشداری لە پتەوکردنی کارلێك و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەکات و گوزارشت لە هەست و سۆزەکانیش دەکات. لەلایەنی کلتوریدا چەندان دەلالەت و مانا هەڵدەگرێت، کەوا ژیانی جڤاك و ئەزمونەکەی دەوڵەمەنددەکات. لێرەدا ئەرک و دەلالەت و مانای سەما لەم چەند خاڵەی خوارەوە پوخت دەکەینەوە:

١- گوزارشتکردن لە شوناس و پەیوەستبون: سەما هۆکارێکی کارای گوزارشتکردنە لە شوناسی کلتوری و پەیوەستبون بە جڤاك. هەر جوڵە و ڕیتمێك، مێژو و کلتورێکی تایبەت بە جڤاك پیشان دەداتەوە، بەشداریش لە پتەوکردنی پەیوەستبون و شانازیکردن بە شوناسی کلتوری دەکات.

٢- پێشکەشکردنی چەند مانا و بەهایەك: سەما لە ڕوحی خۆیدا کۆمەڵێك مانا و بەها لە خۆی دەگرێت، کە پیشاندەرەوەی بەهایەکانی جڤاك و چەمکە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە لەمیانی سەماوە دەتواندرێ چەند بەهایەکی وەك خۆشەویستی و ئاشتی و یەکییەتی و لێبوردەیی و هاوکاری، بە شێواز و ڕێگەیەکی سەرنجڕاکێش و ئیلهامبەخش پێشکەش بکرێ.

٣- پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی: سەما بەشداری لە پتەوکردنی پەیوەندیی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی جڤاکدا دەکات، چونکە کاتێك خەڵك بەیەکەوە بەشداری لە سەمادا دەکەن، کەشێکی پڕ لە هەماهەنگی و گونجان و هاوکاری دێتە کایەوە و گیانی پەیوەستبون و هاوکاری لە نێوانیاندا هەڵدەقوڵێت.

٤- گوزارشتکردن لە هەست و سۆزەکان: سەما بە هۆکارێکی ئازادانە و ڕاستەوخۆی گوزارشتکردن لە هەست و سۆز دادەندرێ، چونکە لەمیانی جوڵە جەستەییەکان و گوزارشتەکانی ڕوخسار و ڕیتمەکانی موزیکەوە، سەماکاران دەتوانن بە شێوازێکی ئیلهامبەخشی هونەرییەوە گوزارشت لە دڵخۆشی و غەم و پەیوەستبون و هەر جۆرە هەستۆزێکی دیکە بکەن.

٥- گوزارشتکردن لە کلتور و دابونەریتەکان: سەما هۆکارێکی گواستنەوەی کلتوری ڕۆشنبیری و دابونەریتە میللییەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، چونکە گشت جۆرەکانی سەما چیرۆکێکیان لە پشتەوەیە و بەشداری لە پاراستنی شوناسی ڕۆشنبیریی جڤاك و تایبەتمەندبون و جیاوازبونەکەی دەکات لەگەڵ شوناسەکانی دیکەدا.

## سەرچاوەکان:


باقی، محەمەد حەمە (٢٠١٣)، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی چوارەم، دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد، هەولێر.
جەعفۆ، پیر خەلات ئەلیاس، وزهێر عەرەب سلۆ (٢٠١٥)، سەمایا دینی د ئێزیاتیێ دا، چاپخانەی هاوار، دهۆک.
حەسەن، ڕێسان (٢٠١٩)، چرا – کۆمەکا گۆتارانە ل دۆر ئێزدیاتیێ و ئێزدیان، چاپخانەی گازی، دهۆک.
خانکی، کوڤان (٢٠٠٤)، سەما د ئێزدیاتیێ دا، گۆڤاری خازر، ژمارە: ٥، دهۆک.
خانکی، کۆڤان (٢٠١٦)، هزر و فەلسەفە د ئەدەبیاتا دینێ ئێزدیان دا و کارتێکرنا وان لسەر هۆزانا کەڤن و نوی یا کوردی ب نمونەیێن: (جزیری، خانی، جەگەر خوین و تیرێژ)ی، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش، ژمارە (٢٩)، دهۆک.
دنانی، شەمو قاسم (٢٠١٢)، چەند تێکستێن پیرۆزیێن ئۆلا ئێزدیان، بەرگێ ئێکێ، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش، ژمارە (١٣)، دهۆک.
دنانی، شەمو قاسم (٢٠١٢)، چەند تێکستێن پیرۆزیێن ئۆلا ئێزدیان، بەرگێ دویێ، دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش، ژمارە ١٣، چاپخانا هاوار، دهۆک.
ڕەشۆ، د. خلیل جندی (٢٠٠٤)، پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان، بەرگێ ئێکێ، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک.
ڕەشۆ، د. خلیل جندی (٢٠٠٤)، پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان، بەرگێ دویێ، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک.
سلو، زهیر عرب (٢٠١٢)، ناساندنا سەمایێ د ئێزدیاتیێ دا، گۆڤاری لالش، ژمارە: ٣٦، دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش، دهۆک.
سمو، جعفر (٢٠٠٩)، دراما د میتۆلۆجیا ئێزدیان دا – ڤەکۆلینەکا بەراوەردییە دناڤبەرا میتۆلۆجیا کوردێن ئێزدی و گریکان دا، چاپخانەی زانکۆ، دهۆک.
گەوهەری، حامید(٢٠١٦)، کوردی ئێزدی لە مێژووی کوردستان دا، هەولێر.
مەهەت، زهیر عرب سلو (٢٠١٢)، ناساندنا سەمایێ د ئێزدیاتیێ دا، گۆڤاری لالش، ژمارە ٣٦، دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش.
هاشم، حەمە (٢٠١٩)، هونەری پیرۆز، ڕێکخراوی ڕۆژا شنگال، کوردستان.
باقسری، عزالدين سليم (٢٠٠٣)، مەرگەهـ، منشورات مركز لالش الثقافي والاجتماعي، سلسلة رقم (١)، دهوك.
بونت، بيار وميشال إيزار (٢٠١١)، معجم الاثنولوجيا والانتروبوجيا، ترجمة: د. مصباح الصمد، الطبعة الثانية، مجد المؤسسة الجامعية والنشر والتوزيع، بيروت.
جاد الله، منال (٢٠٠٧)، سلبيات وايجابيات الممارسات والاحتفالات الدينية (دراسة انثروبولوجية)، الجلال للطباعة، الإسكندرية، مصر.
جندي، د. خليل (٢٠٢٤)، الشيخ حسن بن آدي الثاني والشيخ فخرالدين بين التاريخ المكتوب والشفاهي؟، موقع بحزاني في الانترنت: https://www.bahzani.net/?p=9460 (تاريخ الزيارة: ٣٠-٣-٢٠٢٤)
خدر، فرهاد الياس (٢٠٢٤)، في مدينة عين سفني أسماء مناطق تروى تاريخا، موقع بحزاني في الانترنت: https://www.bahzani.net/?p=118997 (تاريخ الزيارة: ١-٤-٢٠٢٤)
خلو، ممتاز حسين سليمان (٢٠١٣)، الايزيدية التنظيم الديني – المقدسات – المحرمات – المراسيم والطقوس في ضوء النصوص الدينية، مكتبة بدرخانيا، مطبعة هاوار، دهوك.
السواح، فراس (٢٠٠١)، الأسطورة والمعنى – دراسات في الميثولوجيا والديانات المشرقية، الطبعة الثانية، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق.
شرو، شيوان سليم (٢٠٢٤)، شيخ سمايل العنزلي ((اسماعيل العنزلي))، موقع بحزاني في الانترنت: https://www.bahzani.net/?p=129496 (٣٠-٣-٢٠٢٤)
محمود، أ. د. علاء شاكر (٢٠١٨)، ملامح الصورة الفنية ودلالاتها في الرقص الشعبي العراقي في ظل التنوع الثقافي للمجتمع، جامعة ديالى، بعقوبة.
مقابلة مع قوال نصر حاجي دوملي (٢٣-٩-٢٠٢٣)، بعشيقة، فرع مركز لالش الثقافي في بعشيقة.
نيروەيي، د. علي تتر(٢٠٠٨)، الميترائية تاريخ ومعتقدات، ترجمة: پير خدر سليمان، منشورات مركز لالش الثقافي والاجتماعي، سلسلة رقم (٧)، دهوك.


## پەراوێزەکان:

١- لەنێو ئێزدییەکاندا سەما و هەڵپەرکێی ئاینی پێیدەگوترێ: (گۆڤەند)، بەڵام سەما و هەڵپەرکێی دونیایی پێیدەگوترێ: (دیلان).

٢- شایانی باسە لە ئاینی ئێزدییدا نێردراوی پەیامبەریان نییە، چونکە ڕوحانییەکان (فریشتەکان) پەیامە ئاسمانییەکان ڕاستەوخۆ بۆ مرۆڤەکان دەنێرن و ڕێورەسمە خواوەندیەکان بە سیفەتێکی ناسوتی بڵاودەکەنەوە و هەریەکە لە ڕێگەی چونە نێو و ئاخنینەوە (ئاخنینی لاهوت لە ناسوت)، ئەرکێکی دیاریکراو ڕادەپەڕێنێت بەبێ ئەوەی پێوستی بە نێوەندێکی (الوسیط) جەستەیی هەبێت. لەوانەشە فریشتە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و بەرپرسیارییانەی لەلایەن خوداوە خراوەتە سەرشانی، لەسەر شێوە و قیافەی مرۆڤ دەرکەوێت.

فریشتەکان هەمان پێگەی خواوەندییان لەلای خوادا هەبوە پێش ئەوەی ئادەم بئافرێندرێت، کاتێکیش بەتەنیا عەزازیلی بەرجەستە کرد خودا پێی فەرمو کڕنۆش بۆ کەس نەبات، خودا ڕێز و گەورەییەکەی شکۆدارکرد و ناوی لێنا (تاوسی فریشتان)، ئەوسا بوە نزیکترین کەس لە خودا و سەرۆکی فریشتەکانیش.

ئەو ئەرکانەی خراوەتە سەرشانی هەر فریشتەیەك و سیفەتە ناسوتییەکەیان، کە لە خاس و بابچاکێن ئێزدیان بەرجەستە بوە، ئەمانەن:

١- عەزازیل، کە (تاوسی فریشتانە) سەرۆکی فریشتانە و لە ڕاییکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی گەردونیشدا یارمەتیدەری خودایە، هەروەها ئەمینداری دیوانەکەشیەتی. هێزی (شێخ ئادیٚ)ش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە.
٢- عوزرائیل، کە (ناسرەدینە) لە سیفەتە ناسوتییەکەیدا، فریشتەی مەرگ و گیانکێشانە.
٣- جوبرائیل، کە (سجادین)ە، لە سیفەتە ناسوتییەکەیدا، تایبەتە بە گەیاندنی پەیامە خواوەندییەکان بە مرۆڤ، پەیامبەری خوای گەردونە.
٤- میکائیل، کە (فەخرەدینە) لە سیفەتە ناسوتییەکەیدا، ڕێنوێن و ڕێوانی نێردراوان و پیاوچاکان و باوەڕداران و زمانحاڵی ئاین و مەرجەعەکەیەتی.
٥- دەردائیل، کە (شێخۆ بەکر)ە، لە سیفەتە ناسوتییەکەیدا، خاوەنی خەرقەی پیرۆزە و مامۆستای ئاین و پەروەردەکاری شەمسانی و پیاوانی ئاینییە (هەژارانی خەرقەپۆش).
٦- شەمقائیل، کە (شەمسەدین)ە، لە سیفەتە ناسوتییەکەیدا، خاوەنی خۆر- عەرش و ڕوناکیی خودایە- بەردەوامیی ژیان و بەخشەری ڕزقوڕۆزی و ڕزگارکەری ئێزدییە.
٧- ئیسرافیل کە (شێخ حەسەن)ە، لە سیفەتە ناسوتییەکەیدا، خاوەنی پێنوس و نوسین و نوسەری خاوەن عەرش و پاسەوانی خواوەندییە. (باقسری، ٢٠٠٣، ٤١-٤٩)
٣- لە ئاینی زەردەشتیدا ئەم گیایە بە پیرۆز دادەنرا، کە ڕوەکێکی گرێدارە و شلەیەکی هاوشێوەی شیر بەرهەم دەهێنێت. لە کاتی خوێندنەوەی ئاڤێستا لەلایەن موبدەکان (موغەکان) ئەو گیایەیان دەکوتا و لەگەڵ ئاودا تێکەڵیان دەکرد و وەکو خواردنەوەیەکی پیرۆز پێشکەشی پیاوانی ئاینی دەکرا. هەروەها لەلای میترایییەکان شلەی ئەم گیایە لەسەر خواندا پێشکەشی باوەڕداران دەکرا وەک هێمایەک بۆ خودا، کە نەمری بە ئیمانداران دەبەخشێت. (باقسری، ٢٠٠٣، ١٤٥)
٤- وا ئاماژەی بۆ دەکریٚ، کە لەسەر بیروباوەری ئاینی شەمسی – مەزدە یەسنە بوە. (باقسری، ٢٠٠٣، ١٤٥)
٥- بۆ زیاتر بروانە: (نیروەیی، ٢٠٠٨، ٢٥)، (باقسری، ٢٠٠٣، ١٤٥) (مەهەت، ٢٠١٢، ٥٥-٥٦)
٦- لە بیروباوەری ئێزدیاتیدا ستێرا دەمبەل قاپیٚ، واتا " ستێرا بەریٚ سیٚ – عەشتار، دەرگای ئەرز و ئاسمانە و ستونی ئاسمانە، هەروەها هەمو کارێکی شاراوە و نهێنی لەوێوە دێت، ئەو بەرپرسیاری جیهانی غەیبە" (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ١٠٠٠).
٧- (حلول)ی لاهوتی یەکێکە لە چەمکە ڕەسەنەکانی ناو ئێزدیاتی و بە (سورا باتنیٚ) ناسراوە، کە بریتییە لە گواستنەوەی هەندێک سیفەتی ئیلاهی بۆ مرۆڤ لە ڕێگەی فریشتەکانەوە (سورا باتنیٚ گەهشتیٚ). کاتێک ئەم سیفەتانە بۆ کەسەکە دەگوازرێنەوە، (سورا باتنیٚ) دەبێتە باوەڕدارێکی ڕاستگۆ و خواپەرست، کە هەڵگری سیفەتی یەکێک لە فریشتەکانی خودایە و دەستەکات بە چاکسازی لە مرۆڤەکان و جێبەجێکردنی ویستی خودا لەسەر زەوی لە شێوەی مرۆڤدا، تا بتوانێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. ئەو (خاس – چاک) ناسراوە. دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی لە هۆشیاری و ڕێنمایی و چاکسازی لەسەر زەوی، بە فەرمانی خودا ڕۆحی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی خۆی لەگەڵ فریشتەکان لە بەهەشتی ئەبەدیدا (بەهەشتا باقی) و بە (مەلەک) دەناسریٚ، دوای ئەوەی بە ناوی مرۆیی خۆی ناسرابو، کاتێک لەسەر زەوی کاری دەکرد، ئەم پرۆسەیە پێیدەگوترێت گواستنەوەی ڕۆحی خاوەن (حلول) - (خاس - چاک) لە دۆخی خۆیەوە وەک مرۆڤێک بۆ حاڵەتەکەی، وەک فریشتە و گواستنەوە بۆ سەرچاوەی خۆی (قەدەم گوهاستن). ئەم ڕۆحانە لە ڕێگەی دۆنادۆن وەک ڕۆحی خەڵکی ئاسایی دەرناکەون، بۆیە هەندیٚ دەقە ئاینییە ئێزدییەکان، کە ناوی ئەو پیاوچاکانە دەهێنیٚ، بە ناوی سیفەتی و ناوی لاهوتی خۆیان ناویان دەهێنیٚ، وەک (مەلەک شێخ سن، مەلەک شەمسەدین، مەلەک فەخرەدین و .... هتد). شایەنی باسە چەمکی بەهەشت لای ئێزدییەکان هەمان ئەو چەمکە نییە وەکو لە ئاینەکانی تردا هەیە، بەو پێیەی دو بەهەشت هەیە: یەکەمیان، بەهەشتی ڕۆحە باشەکان، کە قۆناغی ژیانە لەسەر زەوی و بەهەشتی خەڵکی ئاساییە. دوەمیان، بەهەشتی ئەبەدی (بەهشتا باقی)، کە بەهەشتی ئیلاهی فریشتە و ڕۆحە نەمرەکانە (ئەوانەی خاوەن حلول) – بەهەشتا باقی ملکیٚ سلتان ئێزیدە. (بۆ زیاتر بروانە: باقسری، ٢٠٠٣، ٦٤-٦٥)
٨- هەر تێکستێکی ئاینی ئێزدی لە چەندین سەبەق پێکدێ. سەبەق لە تێکستە ئاینییەکاندا زیاتر لە سێ ڕیز پێکدیٚ، زۆر کەم لە دو یان چوار یان پێنج ڕیزن. سەبەق تەواو دەبیٚ سیٚ ڕیز بێت، ئەم گۆڕانانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەدەبی ئاینی ئێزدی زارەکییە و لە ئەنجامی گواستنەوەی لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر گۆڕانکاری هاتۆتە ناوی. سەبەقەکان بەیەکەوە گرێدراون و بەشێوەیەک ڕیزی کۆتایی هەر سەبەقێک بە ڕیزی یەکەمی سەبەقی دوای خۆی بەستراوەتەوە. ((بروانە: خانکی، ٢٠١٦، ٩٢-٩٥).
٩- ئەم تێکستە بە یەکێک لەو تێکستانە دادەنرێت، کە فەلسەفەی ئێزدیاتی دەخاتەڕو، کە باسی چۆنیەتی دروستی دونیا و گەلێک بیروباوەڕی ئێزدییەکان دەکات. (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٢٣٨).
١٠- تێکستێکی ڕێکخراوە، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبیاتی ئاینی ئێزدی، وەکو ژانرێک و ناو بۆ تێکستی ئاینی تایبەتە بە ئێزدییەکان. بەشێک لە قەولەکان ئێزدییەکان پێیدەڵێن (قەولی بەرانی)، ئەو قەولانەن کە فەلسەفە و تێڕامانی وردی ئێزدییەکان دەخاتەڕو، وەک قەولی تەختا، قەرەفرقان، ئافراندنا دنیایٚ، زەبونیٚ مەکسور، شێخۆبەکر و ..... هتد. زۆرینەی قەولەکان بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی سەرو بەتایبەتی شێوەزاری دەڤەری مەرگەهـ (قەزای شێخان)ە، بەڵام هەندێجار وشەی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی تێکەڵی ناو تێکستی قەول دەبیٚ، ئەم دیاردەیەش لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بەرچاو دەکەویٚ. (خانکی، ٢٠١٦، ٩٠).
١١- بە کێش و سەلیقەیەکی ورد و باش بیناکراوە، بەشی زۆری پەسندی خودا و خاس و بابچاکی ئێزدییەکانە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە لەگەڵ سەما دەگوتریٚ. زۆرینەی بە زمانی عەرەبییە، هەندێکیشی تێکەڵەیە لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردی، هەندێکیشیان بە زمانی کوردین. (خانکی) وای دەبینیٚ، کە قەسیدە تایبەتە بە ستایشی کەراماتی چینی شێخ و پیر، بەتایبەتی شێخ. (خانکی، ٢٠١٦، ٩٧).
١٢- تێکستێکی شیعرییە، وەک هەڵبەست و سرودی ئاینی هەژمار دەکریٚ، زیاتر بابەتی ئاینی و گشتی لەخۆدەگرێت. (خانکی، ٢٠١٦، ٩٥)
١٣- بۆ زیاتر بروانە: (دوملي، ٢٠٢٣)، (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٢٢-٢٣)، (حەسەن، ٢٠١٩، ٣٥)، (خانکی، ٢٠٠٤، ٤٧)، (سلو، ٢٠١٢، ٢٣).
١٤- فەقیر بەو کەسە دەگوتریٚ، کە خێر و خۆشیی ئەم دنیایەی بە خێر و خۆشی ئەو دنیا گۆڕیوەتەوە. فەقیر تەرکە دنیا، پیاوچاک، ڕوح سوک و ڕەفتار پاکە. ئەگەر کەسێکی ئێزدی ناخۆشیشی لەگەڵ فەقیر هەبیٚ، نابیٚ ڕوبەڕوی لێدانی فەقیر بوەستێتەوە. (گەوهەری، ٢٠١٦، ١٩).
١٥- فەقیر خەرقەی پیرۆز لەبەردەکات، کە لە سوف دروستدەکرێت و بەهۆی پەلکی داری (زرگوێز) ڕەنگی ڕەشی خۆی وەردەگریٚ، دوای ئەوەی پەلکی دارەکە دەکوڵێندریٚ و خەرقەی لەناو دادەنریٚ. هەروەها لەسەر خەرقە پشتێنێک (قایشێک)ی سور دەبەستیٚ و پێیدەگوتریٚ (ڕستە)، کە ئەڵقەی مسی پێوەیە. هەمو ئێزدییەک

دەتوانێ ببێتە فەقیر، پاش ئەوەی خۆی بۆ ژیانی زاهید و گوێڕایەڵی تەرخان دەکات، دەبێ سەرۆکی فەقیرەکان بۆ ئەم ئەرکە پەسندی بکات، (پێشیمامی فەقیرا) بە دەستی خۆی خەرقەی لەبەر دەکات و نابێ ڕیشی بتاشێ. هەروەها ئەو ئافرەتەی تەرکی دنیا دەکات و دەبێتە زاهید و خۆی بۆ پەرستنی خودا تەرخان دەکات، پێیدەگوترێت (فەقرێ). (باقسری، ٢٠٠٣، ٨٨).

١٦- شێخ حەسەن کوڕی شێخ ئادی دوەمی کوردی لە ساڵی ٥٩١ کۆچی لەدایکبوە و لە ساڵی ٦٤٤ کۆچی لەسەر دەستی بەدرەدینی لوئلوء والیی موسڵ کوژرا و لەژێر قەڵاکەی نێژراوە. لە سەردەمی شێخ حەسەن ناکۆکی لەسەر هەندێ لایەنی عەقیدەیی لە نێوان ئادانییەکان و شەمسانییەکان دروستبو. شێخ حەسەن دوای ئەوەی شەش ساڵ لە پێش چاوی خەڵک خۆی بزر کرد و بە کۆمەڵێک عەقیدەی نوێ هاتە دەرەوە، کە لە کتێبی (جلوە)دا خستییەڕو، دیارترین ئەو هزرە ئاینییە نوێیانە ئەوە بو، کە وەرگرتنی سوننەتەکانی ئیبراهیم خەلیل لە ڕوکردنە کەعبە بۆ نوێژکردن و ناونانی هەندێ شوێنی لالش بەو ناوانەی لە شاری (مەککە) هەیە، وەک عەرەفات و زمزم.. بەڵام بنەمای کۆنی ئاینی (حلول والتناسخ)ی هێشتەوە، کە ئەمەش بەریەککەوتنی لەگەڵ شەمسانییەکان دروستکرد، لەمبارەیەوە شێخ شەمس دژی هێنانی چەمک و باوەڕی نوێ بو بۆ ناو ئاینی ئێزدی و باوەڕی وابو، کە دەبێ پارێزگاری لە فیکری ئاینیی کۆن بکرێ. لەبەر هەستیاری ئەم ناکۆکییە و ڕەنگدانەوەی لەنێو کۆمەڵگەی ئێزدیدا، پیاوانی ئاینی خۆیان لە باسی ئەم بابەتە نەبان دەکەن و بێدەنگی لێدەکەن، لە سەرچاوەکانیش زۆر بە کەمی باسی لێوەکراوە، وای کردوە سەرچاوە و بنەڕەتی هەندێ لە سروت و ڕێوڕەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، کە بۆ ئەم ناکۆکییە دەگەڕێتەوە، نەزانرێ. (باقسری، عزالدین سلیم، ٢٠٠٣، ١١٣-١٢٢).

١٧- بنەماڵەی میر لە شێخی (قاتانی)ین، کە بۆ زنجیرەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی دەروێش ئادەم قاتانی دەگەڕێتەوە(باقسری، ٢٠٠٣، ٨٤) و لەو بنەماڵانە پێکدێن: (شێخو بەکرێ فەقیر، شێخ مەهمەدێ باتنی، شێخ سمائیلێ عەنزەلی و شێخ عەبدولقادر (خانکی، ٢٠١٦، ٣٨)، شێخ مەهمەدێ باتنی، کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە میر محەمەدی کوردی ئەربیلی ناوی هاتوە، لە نەوەی (میر ئیبراهیم خۆرستانی کوڕی دەروێش ئادەم)ە، خێزانی پسمیر، کە بە مانای نەوەکانی میر دێت، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوان شەمسانی و ئادانی بو بە میری ئێزدیان(باقسری، ٢٠٠٣، ٨٤). لەم ناکۆکییەدا قاتانییەکان نەبونە لایەنێکی ناکۆکی، بەڵام لایەنگیریی شەمسانییەکان بون لە دژی ئادانییەکان، لەم سەردەمەوە تا ئێستا میرایەتی لە ئادانییەوە بۆ قاتانییەکان گواسترایەوە (بدر، ٢٠١٨، ٢٧٣).

١٨- شێخ شەمس کوڕی ئێزدینە میر، لە تێکستە ئاینییەکان بە (تەورێزی) ناوی هاتوە، چونکە ڕەچەڵەکیان بۆ شاری تەبرێزی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، پێش هاتنی شێخادێ بۆ لالش، ئێزدینە ئەمیر باوکی شێخ شەمس سەرۆك و میری ئێزدییەکان بوە لە لالش و (کانیا سپی) شوێنی نیشتەجێبونی بوە و لە بنەڕەتدا لە چینی پیر بو. شێخ شەمس بە ڕزگارکەری ئاینی ئێزدی دادەنرێ، لەوکاتەی کەوتبونە نێو کێشە و چەقبەستویی عەقیدەیی، ئەوکاتەی لە سەردەمی شێخ حەسەن ناکۆکی لە نێوان ئادانییەکان و شەمسانییەکان سەریهەڵداوە، لەوکاتەدا شێخ شەمس بوە هێمای عەقیدەی ڕەسەنی ئێزدییەکان. (باقسری، ٢٠٠٣، ١٤-١٥ و ٨٣).

١٩- شێخ ئیسماعیل عەنزەلی ناسراو بە شێخ ئیسماعیل ئامەدی، هەروەها بە (ئەزەلی)ش ناسراوە، یەکێکە لە پیاوچاکە پیرۆزەکانی ئێزدییەکانی سەدەی دوانزەهەم، بە یەکێک لە گەورەترین مامۆستای ڕۆحی دادەنرێت لە بواری (الباطنية والكرامية)، لە پلەی ئاینیدا سەر بە شێخەکانی ئادانییە. کوڕی شێخ بەرەکات کوڕی سەخر کوڕی شێخ موسافیری هەکارییە، لە گوندی بوزە لە کجک لالش، لە نێوان ساڵانی (١١٩٠ز - ١٢٠٠ز) لەدایکبوە. دەوترێت کە... ئەو کوڕە بچوکی شێخ سەخر بوە، بە ناوی شێخ ئیسماعیل عەنزەلی مامی کراوەتەوە، کە برای شێخادێ هەکاری بوە. ئامەدی یان عەنزەلی لە چەمکی ئاینی ئێزیدییەکان ئەو شتەیە کە سەرەتا و کۆتایی هەیە، مرۆڤ سەرەتای هەیە، کە لەدایکبونە و کۆتاییش هەیە، کە ژیانی دوای مردنە. (شرو، ٢٠٢٤).

٢٠- شێخ عەبدول قادر، ئێزدییەکان بەم شێوەیە ئاماژە بە ناوی دەکەن، یەکێکە لە براکانی شێخادێ، شێخادێ، شێخ بەکر، شێخ ئیسماعیلی عەنزەلی و شێخ عەبدولقادر. مەزاری سەرەکی لە پەرستگای لالشە و مەزاری تریشی لە بەحزانێ هەیە، لە زۆر قۆناغدا ڕۆڵی گرنگی لە ئاینی ئێزدی هەبوە. شێخ عەبدولقادر لە سوری حەوت فریشتە نزیکەکان هەژمار ناکرێ، بەڵکو لە سوری چل فریشتەکانە. (دوملی، ٢٠٢٣)

٢١- یەکێکە لەو پیرانەی، کە چینی کۆمەڵگەی ئاینی ئێزدی لەگەڵ چینی شێخ و مورید پێکدەهێنن. چینی پیر لە چل بنەماڵە پێکهاتون و (ئێسیبیا) یەکێکە لەو بنەماڵانە، پیر ئێسیبیا بە یەکێک لە پیاوچاکانی ئاینی هەژمار دەکرێ و بەپێی تێکستەکانی ئاینی ماوەی (٤٠) ساڵ خزمەتی لالشی کردییە و خەزنەداری شێخادێ بوە. (جەعفۆ، ٢٠١٥، ١٧)

٢٢- بابێ چاویش: ئەو کەسەیە، کە لالش شوێنی نیشتەجێبونی بەردەوامی ئەوە، ئەرکی خزمەتکردنی پەرستگای لالشە، نابێ هاوسەرگیری بکات و دەبێ بە تەواوی خۆی بۆ ئەم ئەرکە تەرخان بکات. جلوبەرگی سپی دەپۆشێ و لە ناوەڕاستی پەتی پیرۆز (ڕستە) دەبەستێ و وەکو جلوبەرگی بابەشێخە. (باقسری، ٢٠٠٣، ٩٠).

٢٣- شێخ شەرفەدین کوڕی شێخ حەسەن لە سەردەمی میرایەتیی باوکی شێخ حەسەن والیی شەنگال بو، ڕۆڵی بەرچاوی ئەم پیاوچاکە ئاینیە لەکاتی ناکۆکیی فکریی نێوان ئادانی شەمسانی بەدیارکەوت، دوای ئەوەی لە شەوی ١٥ ی شەعباندا لەسەر شێوازی نوێژکردن ڕویدا، کە ئادانییەکان ڕویان لە کەعبە کرد و نوێژیان بە ڕاوەستان کرد و سوجدەیان برد، پێچەوانەی باوەڕی ڕەسەنی ئاینی ئێزدی، کە بۆ نوێژکردن ڕو لە ڕۆژ دەکرێ و نوێژ بە ڕاوەستان دەکرێ. لەم شەوەدا ڕوبەڕوبونەوە ڕویدا و چەندین قوربانیی لێکەوتەوە، شێخ حەسەن ناچار بو لالش بەجێ بهێڵێ و بچێتە بەحزانێ. لەم ناکۆکییەدا شێخ شەرفەدین لایەنگیریی شەمسانییەکان بو، دوای ئەوەی بەو ڕوداوەی زانی، لەگەڵ (شێخ فەخر) والیی حەلەب لە نسێبین – کە ئەوکاتە سەر بە ئیمارەتی شەنگال بو، کۆبونەوە و پێکهاتن کە تا چارەسەری ئەم قەیرانە دەکرێت شێخ شەرفەدین لە جیاتی باوکی بەرپرسیاریەتیی ئادانییەکان لە ئەستۆ بگرێ. بۆیە بۆ گەیاندنی پێشنیازەکەیان نوێنەرێکیان بۆ لالش نارد، ئەوانیش ئەو پێشنیازە بە ئەرێنی وەردەگرن، لەوێوە هەنگاوەکانی چارەسەری ئەم ناکۆکییە دەستپێدەکات. ئەوانەی جەمسەری چارەسەری ئەم ناکۆکییە هەژمار دەکرێن بریتین لە: شێخ مەند، شێخ شەرفەدین، شێخ ئیسماعیل عەنزەلی قاتانی، پیر ئێسیبیا و شێخ محەمەد باتنی قاتانی – لە ئێستادا میر حەج لە مەراسیمەکاندا نوێنەرایەتی دەکات. (باقسری، ٢٠٠٣، ١٢٠-١٢٣).

٢٤- شێخ فەخرەدین کوڕی شێخ ئادی دوەمی کوردی، برای شێخ حەسەن. دوای ئەوەی شێخ حەسەنی برای بۆ نوسینی کتێبی (جلوە) دەچێتە خەڵوەت، بۆ کاروباری ئاینی شێخ فەخرەدینی برای لە جێگەی خۆی دادەنێ، بەم شێوەیە بوە مەرجەعی ڕۆحی و جێگری شێخ حەسەنی برای و بوە یەکێک لە خواوەندە پیرۆزەکان و لە تێکستە ئاینییەکانیاندا لە ڕۆژی شەممە فریشتە (نورائیل – فەخرەدین) لەلایەن خوداوە دروستکراوە. لەوکاتەوە سەرۆکایەتیی ئاینی تەنها لە نەوەکانی شێخ فەخرەدین قەتیس بو، ئەویش بەهۆی ڕۆڵی سەرەکیی لە کاتی نەبونی شێخی حەسەنی برای، بۆ ڕونکردنەوەی فێرکاری و ڕێساکانی ئاینیدا. (جندي، ٢٠٢٤).

٢٥- بابە گاڤان: گاڤان بە مانای گاوان دێت. بابە گاڤان بە مانای (راعي الرعية)یە. پلەیەکی ئاینییە، دەبێ لە ڕەچەڵەکی شەمسانییەکان و بنەماڵەی شێخ ئامادین کوڕی شەمس بێت، یەکێکە لە ئەندامانی کۆڕی بابەشێخ، ئەرکە ئاینییەکەی بریتییە لە هۆشیاری و ڕێنمایی و ئامۆژگاریی ئاینی لەکاتی گەشتەکانیان لەگەڵ بابەشێخ، بە یەکێک لە نزیکەکانی بابەشێخ هەژمار دەکرێ، لەدوای پێشیمامی بابەشێخ و دەبێ یاوەریی بابەشێخ بکات لە سەردانە ئاینییەکانی بۆ ناوچەکانی ئێزدینشین. لە دیوانی بابەشێخ لە لالش لە نزیک بابەشێخ دادەنیشێ و جلوبەرگیشی لە شێوەی جلوبەرگی بابەشێخ نزیکە. (خلو، ٢٠١٣، ٣٦)

٢٦- ئێسفنێ، بە عەرەبی (عين سفني – بەپێی میتۆلۆژیای ئێزدییەکان لەم شوێنە کەشتییەکەی نوح دروستکراوە) مەڵبەندی قەزای شێخانە، لەڕوی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای دهۆکە، چوار ناحییە لەخۆدەگرێت ئەوانیش: بە پایتەختی ئێزدییەکان هەژمار دەکرێ، بەوپێیەی پێشتر مەرگەهێ شێخان (میرگەی ئێزدخان) لەوێ بوە، لە ئێستادا شارێکە بۆ پێکەوەژیان و تەبایی نێوان ئاینی ئێزدی و موسڵمان و مەسیحییەکان. (خدر، ٢٠٢٤).

٢٧- باشیک و بەحزانێ: دو شارۆچکەی دراوسێن و پێکەوە یەک شار پێکدەهێنن، کە دەکەوێتە دامێنی چیای بەعشیقە و ٢٥ کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵەوە دورە.

٢٨- بۆ تەواوی تێکستی (لاوێ پیران) بنوارە: (دنانی، ٢٠١٢، ١٦٩-١٨٤)، (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٢٧-٢٨).

٢٩- بۆ تەواوی تێکستی (صفا وقتي) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٢٨).

٣٠- بۆ تەواوی تێکستی (انا وحدي) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٢٨).

٣١- بۆ تەواوی تێکستی (اسمعوا جماعة الحاضر) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٢٩).

٣٢- جانا یان جانە: واتە زانا

٣٣- بۆ تەواوی تێکستی (هەی جانە هەی جانە) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٢٩-٣٠).

٣٤- بۆ تەواوی تێکستی (ماکێ ئێزی) بنوارە: (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٣٥٥-٣٥٩)، (دنانی، ٢٠١٢، ١٩٧-٢٠١).

٣٥- بۆ تەواوی تێکستی (شێخادێ شێخێ شارا) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٣٠).

٣٦- بۆ تەواوی تێکستی (كما كلمت بالطلوع) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٣٢).

٣٧- بۆ تەواوی تێکستی (چەند گۆڤەندە) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٣٣).

٣٨- بۆ تەواوی تێکستی (خالي الرحوم) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٣٤).

٣٩- بۆ تەواوی تێکستی (سبحانە ژ تە یا مەلکێ ئەکبەر) بنوارە: ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٧٥٤-٧٥٦)، (دنانی، ٢٠١٢، ٣١٩-٣٢٢).

٤٠- ئەم قەسیدەیە بە هەردو زمانی عەرەبی و کوردییە، کە خەڵکی ئێزدی باشیک و بەحزانێ قسەی پێ دەکەن. بۆ تەواوی تێکستی (جۆپان) بنوارە: (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٧٥٨- ٧٥٩).

٤١- لە کتێبی (پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان) د. خەلیل جندی ڕەشۆ، لە سەما شەرفەدین ئاماژە بە (١٠) جۆری تێکستی ئاینی دەکات، کە لەگەڵ ئەو سەمایە دەگوترێ، بەڵام توێژەر نەیتوانی پشتی پێ ببەستێ، چونکە لە گەڕانە مەیدانییەکان و دوجار ئامادەبون لە کاتی کێشانی سەما شەرفەدین لە جەژنی جەما و پرسیارکردن لە قەوالەکان، هەروەها لەرێگەی قەوال نەسرِ دۆملی لەگەڵ چەندین قەوالی تر پەیوەندیکرا، هەمویان لەسەر ئەوە کۆک بون، کە تەنیا ئەو شەش قەسیدە و بەیتەی، کە لە ناوەڕۆکدا ئاماژەی بۆ کراوە دەگوترێ. لە کتێبەی (ڕەشۆ، ٢٠٠٤) بەم شێوەیە هاتوە:

١- قەسیدەی کەما کەلەمتو بلطوع.

٢- هەیا و لەلەم.

٣- چەندی گۆڤەندە.

٤- شەدەیتو بلزنارە.

٥- هەی ئادیە شێخێ منۆ.

٦- شێشمسۆ ناڤێ تە میرە.

٧- شەرفەدینە.

٨- یا لا، یا لالە.

٩- های لێم ها لەیلێ.

١٠- برمە بەهشتا عەنزەلی.

٤٢- بۆ تەواوی تێکستی (شديت بالزنارة) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٣٩).

٤٣- بۆ تەواوی تێکستی (هەی ئادیە شێخێ منە) بنوارە: (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٦٦٨- ٦٦٩).

٤٤- لە سەبەق (٢٢) دەستپێدەکات. بۆ تەواوی تێکستی (شێشمس) بنوارە: (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٦٥٥- ٦٦١).

٤٥- بۆ تەواوی تێکستی (شەرفەدین) بنوارە: (ڕەشۆ، ٢٠٠٤، ٦٧٤- ٦٧٥)، (دنانی، ٢٠١٢، ١٦٩).

٤٦- بۆ تەواوی تێکستی (برمە بەهەشتا عەنزەلی) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٤٩).

٤٧- بۆ تەواوی تێکستی (زمزم الادي) بنوارە: (جەعفۆ، ٢٠١٥، ٥١-٥٢).